کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

# ٤٤٤

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٤٤ – بە فرانبار – ژانویە ٢٠٢٤



## جینۆسایدی غەززە ئاوێنەی باڵانوێنی بەربەریەتی نیزامی سەرمایەداری




## خەبات دژبە سزای ئێعدام و بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی بکەینە بزووتنەوەیەکی سەرانسەری



## درێژەی جەنایاتی جەنگی دەوڵەتی تورکییە لە کوردستانی سووریە

## سیاسەتی دژەپەنابەری یەکیەتیی ئورووپا و کارەساتی دڵتەزێنی خنکانی پەنابەران



## کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری ئێران شکست بە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم دێنن

## سەروتار

### بزووتنەوەی ژنان، کام ئاسۆ؟ سەرمایەداری یان سۆسیالیزم؟

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا کە بەناوی ڕەمزی ژینا و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، "نە ڕووسەری، نە تووسەری، ئازادی، بەرابەری"، "مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر" و بە کردەوەی سەمبۆلیکی وەک لابردنی حیجاب لەسەر شەقام و سووتاندنی هاتە مەیدان، یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتی ئیسلامی تێکشکاند. ئەم ئاخێزە بەهۆی ئەوەیکە بەهێزترین پێگەی ئیسلامی سیاسی بە یاسای سەختی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دایە بەر هێرشی سیاسی و ئایدۆلۆژیک، بزووتنەوەی ڕزگاری ژنی نەتەنیا لە ئێران، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەدا بردە قۆناغێکی نوێوە. ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە بە پێشەنگایەتی ژنان لەبواری ڕەنگدانەوەی جیهانی و ڕاکێشانی پشتیوانی و هاوپشتی بیروڕای پێشکەوتنخواز لە سەرانسەری جیهانیش پێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ئێراندا پەیدا کرد.

بەشداری بەرین و پێشەنگی ژنان یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی یەک ساڵی ڕابردوو بووە و بۆ جارێکی تر کاریگەری و ڕۆڵی ژنانی لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زیاتر لە ڕابردوو نیشان دا. ژنانی ئازادیخوازی ئێران دەمێکە بە بەشداری چالاکانەیان لە ڕیزی خەباتی چینی کرێکار، لە ڕیزی خەباتی مامۆستایان و خانەنشینان وەک بەشێک لەم چینە، لە ڕیزی خوێندکارانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز، بە بەشداری لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان دژبە قەیرانی ئاو، بە ڕۆڵی کاریگەر لە ناڕەزایەتییەکانی شەقام، بە خۆڕاگری سەرسەختانەیان لە زیندانەکان، لە هەموو شوێنێک لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا بوون و نموونەی جەسارەتی شۆڕشگێڕانە و سەرسەختی بوون لە بەدواداچوونی خواستە ڕەواکانیاندا.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە بەشداری بەرین و شکۆداری ژنانی مافخوازی لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بەتایبەت لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا بینی، ئەوپەری

کردەوەی دژەئینسانی و جەنایەتکارانەی خۆی نیشاندا. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی بە تەقەکردن و کوێرکردنی چاوی سەدان ژنی تێکۆشەر و ئازادیخواز، دەستبەسەرکردن و دەستدرێژی کردنەسەریان لە بەندیخانەکان، هێرشی کیمیایی زنجیرەیی بۆسەر مەدرەسەکانی کچان، تەهاجومی سازماندراو بۆسەر ژنانی بێحیجاب لە سەرانسەری ئێران هەوڵی دا ژنانی خەباتکار و ئازادیخواز چاوترسێن بکات. بەڵام بەشداریی بەرین و جەماوەریی ژنان نیشانی دا کە ژنانی ئێران وەک باقی توێژە بێبەشکراوەکانی کۆمەڵگا بۆ وەدیهاتنی مافە ئینسانییەکانیان ڕێگای خەباتێکی سەنگەر بە سەنگەریان گرتووەتەبەر و کردەوەی جەنایەتکارانەی ڕژیم عەزم و ئیرادەیان لاواز ناکات.

لەلایەکی دیکەوە بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان لە جەرگەی ئەم ئاڵۆگۆڕانەدا زیاتر لە ڕابردوو ناوەرۆکی سیاسەت و بەرنامەی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیی ئێرانی ناسیوە، لە ناوەرۆکی داخوازییەکانی خۆی زیاتر ئاگادار بووەتەوە و سەرەڕای هەوڵی بەلاڕێدابەرانەی میدیاکانی بۆرژوا ئیمپریالیستی، ئەم بزووتنەوەیە ڕێگای پێشڕەوی خۆی لە یەکگرتوویی و نزیکبوونەوە لە بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا بینیوەتەوە. بێگومان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بێمافی ژنان هێندە بەرینە و سووکایەتیکردن بە ژنان بەجۆرێک نەهادینە بووە، کە بەشدارییان لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و هەر دەرەجەیەک لە پاشەکشەی ئەم ڕژیمە دەتوانێ زەمینەی کرانەوەیەک بێت لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژناندا. بەڵام بۆ ئەوەیکە بزووتنەوەی ژنان وەدیهاتنی داخوازییەکان و پێشڕەوی و ڕزگاری خۆی زەمانەت بکات و ڕۆڵی شیاوی خۆی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکدا ببینێ، گرینگە کە ئەم بزووتنەوەیە لە جەرگەی قەیرانی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی ئێستادا کامە ستراتێژی سیاسی دەگرێتەبەر.

لەئێستادا قەیرانی سیاسی و ڕەوتی ڕووداوەکان، دوو ڕێگاچارە و ئاسۆی ناتەبای نەتەنیا خستووەتە بەرامبەر بزووتنەوەی ژنان بەڵکوو خستوویەتە بەرامبەر گشت کۆمەڵگا. یان ئاسۆ و ڕێگاچارەی سەرمایەداری، بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و سنووردارکردنی لە چوارچێوەی ئاسۆی ڕووخاندنی نەرم و هێمنانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەست بە دەست بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە سەر سەری جەماوەر و نۆژنکردنەوەی موناسباتی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و درێژەی بێمافی و کۆیلەتی، یان ڕێگاچارەی ڕادیکاڵ و دەست بۆ ڕیشەی دەرد و ڕەنج بردن، ڕێگاچارەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاری و سۆسیالیزم و کۆتاییهێنان بە هەموو نابەرابەرییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری.

ئەم واقعیەتە، کە ڕەنگدانەوەی قۆناغی ئێستای خەباتی چینایەتییە لەئاستی کۆمەڵگادا، بزووتنەوەی ژنانیشی هەروەک بزووتنەوەی خوێندکاری خستووەتە بەردەم دوو بژاردەی ناتەباوە. دوو بژاردەی دوو چینی سەرەکی کۆمەڵگا. بۆرژوازی یان چینی کرێکار، سەرمایەداری یان سۆسیالیزم. بزووتنەوەی ژنان ئەگەرچی زۆر ڕیشەدارترە لە بزووتنەوەی خوێندکاری،

بەڵام بۆ ئەوەی هێزە مەزنە کۆمەڵایەتیەکەی نەبێتە هێزی پاشکەوتی"لیبڕالیسم"ی بورژوایی ئێران بۆ ڕیفۆرمی کۆماری ئیسلامی و خواستە بنەڕەتیەکانی نەبێتە قوربانی بەند و بەستی ئەو ڕەوتانە، ڕێگایەکی بێجگەلە هەڵبژاردنی ڕێگای دووهەم واتە ستراتێژی سۆسیالیستی و یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری نییە. بزووتنەوەی ژنان تەنیا بە گرتنەبەری ستراتێژی سیاسی سۆسیالیستیە کە دەتوانێ پاشەکشەکانی ڕژیمی ئیسلامی و کرانەوەکان لە کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگا بخاتە خزمەت وەدی هاتنی خواستە بنەڕەتیەکانی.

یەکێك لە پایەکانی ستراتێژی سۆسیالیستی بزووتنەوەی ژنان کە لە ڕاستیدا پێش مەرجی پێشڕەوی ئەو بزووتنەوەیەشە، جەماوەری بوون و کۆمەڵایەتی بوونیەتی. بۆ ئەوەیکە بزووتنەوەی ژنان ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی، پێویستە جەماوەری ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش



لە پانتایی ملیۆنیدا بێنە مەیدانی خەباتەوە. لەئێستادا لە گشت جەمعیەتی ژنانی ئێران ١٧ لەسەدیان لە بازاڕی کاری ڕەسمی ئێراندا کار دەکەن. واتە زۆربەی ژنانی ئێران کە ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشن نەچوونە بازاڕی کارەوە یان لە بازاڕی کاری غەیری ڕەسمیدا بەبێ بەهرەمەندبوون لە مافە سەرەتاییەکانیان کار دەکەن. بەشێکی بەرین لەو کۆمەڵە ملیۆنییەی ژنان دیلی بێ مزدی کاری ناو ماڵن یان لە مەزراکاندا خەریکی کارن. ئەو بەشە لە ژنان، ئەگەرچی پایەی سەرەکی دابینکردنی بژێوی بنەماڵەکانن، بەڵام لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەرین و هیچ جۆرە سەربەخۆییەکی ئابوورییان نییە. یاسای کۆنەپەرستانەی ئایینی دژبە ژن، هەر بەم نەبوونی سەربەخۆیی ئابوورییەوەیە کە زەمانەتی ئیجرایی پەیدا کردووە. سووکایەتی بەردەوام بە ژنان و کلتووری دواکەوتووانەی پیاوەمزنی و یاساکانی پارێزەریان، بەپشت بەستن بەو بەستێنە مادیانەوەیە کە لە کۆمەڵگادا کەوتوونەتە کار. کەوابوو بۆ هێنانە مەیدانی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە پانتایی ملیۆنی و کاری ڕیشەیی کردن دژبە پەرەسەندنی کلتووری دواکەوتووانەی ئایینی و پیاوەمزنانە لە کۆمەڵگادا، پێویستە لێبڕاوانە لەسەر پێداویستیەکانی سەربەخۆیی ئابووری ژنان و خواست و داخوازیە ڕەفاهیەکانیان پێداگری بکرێت. هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست لە ئێران پێویستە کار و چالاکی لەناو جەماوەری ملیۆنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بکەنە میحوەری چالاکییەکانی خۆیان. پێویستە ئەو کۆمەڵە بەرین

و بێ مافە بکرێتە ئامانجی چالاکی وشیارانە و ئەو ڕاستییە بۆیان بکەوێتە ڕوو کە سۆسیالیزم نەتەنیا خاوەن هەڵوێستی واقعییە لەو بوارەدا بەڵکوو سەرڕاست ترین ڕێگای وەدیهاتنی خواستەکانیانیشیان پێ نیشان دەدا.

بۆ بەرەوپێش بردنی وەها کارێکی مەزن پێویستە سوننەتی کاری کۆمۆنیستی بەهێزتر بکرێت. پێویستە وشیاری و ئاگاداربوون لە ڕیشە چینایەتیەکانی ستەم لە ژنان پەرەی پێبدرێت، پێویستە لە شوێنەکانی کار و لە پەراوێزی شارەکان و لە شوێنی ژیانیاندا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە بەرینە ئاوێتە بن و پێیان نیشان بدرێ کە بە بێ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نیزامی چینایەتی سەرمایەداری و بە بێ کردنە ئاسۆی سۆسیالیزم، خەباتێکی کاریگەر و بەتەوژم دژبە کلتووری پیاوەمزنانە و یاسا دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕوەناچێت.

پێویستە بە هێنانەوە نموونەی زۆر عەینی و واقعی بەم بەشە لە ژنان نیشان بدرێ، کە بوونی نابەرابەریی ماف لە نێوان ژنان و پیاوان چ لە بواری موناسباتی کۆمەڵایەتی و چ لە بواری موناسباتی بنەماڵەیی ڕیشەی لە نابەرابەرییە ئابوورییەکاندایە. بۆ کۆتاییهێنان بەم نابەرابەرییانە لەبواری یاسایی و مافەوە پێویستە بەستێنە ئابووری و مادییەکانی ئامادە بکرێت و بۆ ئامادەکردنی زەمینە و بەستێنی ئابووریش ڕێگایەک بێجگەلە تەعەڕوز بۆسەر موناسباتی سەرمایەداری بوونی نییە. پێویستە لە یەکەم هەنگاودا سەمایەداران و دەوڵەتەکەیان ناچار بکرێن کە تێچووی ئابووری یەکسانی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان دابین بکەن. پێویستە ناچار بکرێن کە بەشێک لەو زێدەباییەی کە ڕێگەی چەوساندنەوەی چینی کرێکارەوە بەدەستی دێنن بیکەنە خەرجی دابینکردنی بیمەی بێکاری ژنانی ئامادەبەکار، و لەم ڕێگەوە بۆ زەمانەتکردنی سەربەخۆیی ئابووری ژنان بەکاری بێنن. پێویستە هەزینەی دابینکردنی ڕەفاهی ژنان و ئیمکاناتی گەشەی تواناییەکانیان لە گەرووی سەرمایەداران دەرکێشرێ.

تەنانەت دابینکردنی زەمینەی مادی و ئابووری بەرابەری مافەکانی ژنان و پیاوان ڕاستەوخۆ لە گرەوی هێرشکردنە سەر حەریمی موقەدەستی خاوەندارێتی تایبەتی سەرمایەداریدایە. هەربۆیە لیبڕالیسمی بورژوایی ئێران و هەموو ئەو حیزب و هێزە بورژوا ئۆپۆزیسیۆنانەی کە چوارچێوەی خاوەنداریەتی تایبەت بەلایانەوە پیرۆزە و پارێزەری بارودۆخی زاڵن، تەنانەت ناتوانن ئەو بەرابەری مافی ژنەی کە لە بەرنامە و پلاتفۆرمەکانی خۆیاندا باسی لێدەکەن، بیهێننە دی. هەر ئەو ڕاستیانەی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە کە بزووتنەوەی ژنان لە مەسیری خەبات بۆ وەدیهاتنی خواستەکانیان و دەست بردن بۆ ڕیشەکانی بێ مافی و ستەمی سەر خۆیان بەرەو یەکگرتوویی ستراتێژیك لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری دەبات. بزووتنەوەیەك کە بە پێی ماهیەتی خواستەکانی، ڕێگایەکی بێجگەلە بەرەنگاربوونەوە و خەبات دژبە سەرمایەداری و سەرئەنجام تێکەوەپێچانی بارگەوبنەی پرتووکاو و زاڵمانەی ئەو نیزامە نییە.

❊❊❊

# جینۆسایدی غەززە ئاوێنەی باڵانوێنی بەربەریەتی نیزامی سەرمایەداری

یەکشەممە١٤ی ژانویەی٢٠٢٤، سەدەمین ڕۆژی بۆمباران و هێرشی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل لە زەوی و ئاسمان و دەریاوە بۆسەر خەڵکی فەلەستین لە غەززە بوو. بەهۆی ئەم هێرشەوە کە لە حەوتی ئۆکتۆبرەوە دەستیپێکرد هەتا ئێستا سەد هەزار کەس کوژراون یان بریندار و بێ سەر و شوێن بوون. زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس لە خەڵکی فەلەستین لە غەززە هەتا ئێستا گیانیان لەدەستداوە. لەم ژمارەیەش هەتا ئێستا پتر لە حەوت هەزار کەس لە ژێر داروپەردووی خانووە بۆردومانکراوەکاندا نێژراون. سەدان تەرم لە پەراوێزی شەقامەکاندا بەجێماوە و بەهۆی بەردەوامی بۆردومان و هێرشەکانی سوپای ئیسرائیلەوە، دەرهێنان و ناسینەوەیان دژوارە. زیاتر لە ١٢ هەزار منداڵ و نزیکەی ٣٥٠ کارمەندی تەندروستی و زیاتر لە سەد ڕۆژنامەنووس بوونەتە قوربانی تاوانە جەنگییەکانی حکوومەتی ئیسرائیل. هەروەها یەک ملیۆن و نۆ سەد هەزار کەس، واتە نزیکەی لەسەدا هەشتای کۆی دانیشتوانی کەرتی غەززە ئاوارە بوون و زیاتر لە حەفتا هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بە تەواوی وێران بوون. یۆرۆ-مێد، ڕێکخراوێکی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ژنێڤ، بە خستنەڕووی ئەو ئامارانەی سەرەوە و بە کۆبەندیکردنی خەساری گیانی و وێرانکاری لە غەززە، ڕایگەیاند کە "ئیسرائیل بە ئەنقەست ژێرخانە مەدەنییەکانی کردووەتە ئامانج. بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر خەسار و وێرانکاری لێبکەوێتەوە و بەمجۆرە دەیهەوێ تۆڵەی بەکۆمەڵ بکاتەوە. وە ئەمەش بەپێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆڤدۆستانە و کۆنوانسیۆنی ١٩٤٩ی ژنێڤە. بەپێی ئەساسنامەی ڕۆم، کە بەسەر دادگای نێودەوڵەتیدا حوکم دەکات، ئەم کردەوەیە وەک تاوانی شەڕ دێتە هەژمار.

پێنجشەممە ١١ی ژانویەی ٢٠٢٤، دادگای نێونەتەوەیی داد، سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پڕۆسەی بەدواداچوونی سکاڵای ئەفریقای باشوور لە دەوڵەتی ئیسرائیلی بەتاوانی جینوساید و کۆمەڵکوژی لە لاهە دەستپێکرد. ئەو بەڵگانەی کە پارێزەرانی ئەفریقای باشوور لە دادگای لاهە پێشکەشیان کرد دەرخەری وەحشیگەریی سیستماتیک و جەنایاتی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیلە کە لە حەوتی ئۆکتۆبرەوە هەتا ئێستا بەدژی خەڵکی بێدیفاعی غەززە ئەنجامی داوە. عادلە هاشم، پارێزەری دادگای باڵای ئەفریقای باشوور، لە وتاری سەرەکی خۆیدا ڕۆژی پێنجشەممە وتی: "لەماوەی ٩٦ ڕۆژی ڕابردوودا دەوڵەتی ئیسرائیل بەپێی پێناسەی مێژووی جەنگی مۆدێرن، غەززەی خستووەتە ژێر قورسترین بۆمبارانەوە. خەڵکی فەلەستین دەچنە هەر شوێنێک لەژێر بۆمبارانی بێ ئەماندان. ئەوان لەماڵەکانی خۆیان، لە سەرپەناکان، لە نەخۆشخانەکان، لە خوێندنگاکان، لە مزگەوتەکان، لە کلیساکان، و لە کاتی گەڕان بەدوای ئاو و خۆراک بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان دەکوژرێن. خەڵک چۆڵی بکەن یان نەکەن، تەنانەت ئەگەر لەو مەسیرە ئەمنانەی کە خودی ئیسرائیلیش ڕایگەیاندووە ڕابکەن، دیسانیش هەر دەکوژرێن". ناوبراو فەرمانی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ چۆڵکردنی باکووری غەززە هاوکات لەگەڵ بڕینی سووتەمەنی و ئاو و خۆراک و پێداویستییەکانی دیکەی ژیان و هێرش بۆ سەر ناوەندە دەرمانییەکانی بە جینوساید و بە هەوڵ بۆ کۆمەڵکوژکردنی غەززە وەسف کرد. بەپێی ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکان، غەززە لەئێستادا لە خراپترین قەیرانی برسیەتی لەئاستی جیهاندایە و ئەمەش هۆکارەکەی هێرشی بەردەوامی ئیسرائیل و گەمارۆی خەڵکی سیڤیلە. لەئێستادا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە غەززە، واتە یەک لەسەر چواری هەموو دانیشتووانی، لەژێر مەترسی قاتی و مەرگی دەستەجەمعیدان. هەشتا لەسەدی هەموو ئەو کەسانەی کە لەئاستی دنیادا بەدەستی برسیەتییەوە دەناڵێن لە غەززەن.



ئەو ڕاپۆرت و وێنە ئامارییانەی کە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوکراونەتەوە، وتاری پارێزەرانی ئەفریقای باشوور و ئەو بەڵگانەی کە لەم دادگایەدا خراونەتە ڕوو، دیمەنەکانی هەموو ڕۆژەی تەڵەفات و وێرانکاری غەززە کە لەبەرچاوی هەموو خەڵکی جیهاندا بەڕێوەدەچێت، بەڕوونی نیشانی دەدا کە ئەوەی ئێستا لە غەززە ئەنجام دەدرێ کۆمەڵکوژییەکی بەتەواومانایە. ئەگەرچی تۆمەتی جینوساید بەفەرمی لەدژی دەوڵەتی ئیسرائیل گەڵاڵەکراوە، بەڵام بێگومان دەوڵەتانی ئەمریکا، بریتانیا، ئاڵمان و ئیتالیاش وەک پشتیوانی سەرەکی دەوڵەتی ئسیرائیل لەبواری سیاسی، ماڵی و تەسلیحاتی و میدیایی، لە تۆمەتبارانی ئەم جینۆسایدەن. پشتیوانی بێ شەرت و مەرجی دەوڵەتی ئەمریکا لە دەسەڵاتی نەتانیاهۆ و ڕاگەیاندنی ئەوەیکەی کردەوەی جەنگی ئیسرائیل نابێ بە جینۆساید پێناسە بکرێ، لەڕاستیدا بەمانای هاودەستی ئاشکرای دەوڵەتی ئەمریکا لەم جەنایاتە جەنگییەدایە. حمایەتی بێ شەرت و مەرجی ئەمریکا، بریتانیا و ئاڵمان و دەوڵەتەکانی دیکە لە "مافی بەرگریکردنی ئیسرائیل" تەنها دیفاع لە ڕەگەزپەرستی دەوڵەتی ئیسرائیل نییە، بەڵکوو بەمانای دیفاع لە بەربەریەتی نیزامی سەرمایەدارییە کە دەسەڵاتە گەورەکانی جیهان سەرەڕای جیاوازی بەرژوەندیان، خوازیاری پاراستنین. جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل لە غەززە ئەوە دەردەخات کە هەروەک چۆن پڕۆسەی زاڵبوونی دەوڵەتی ئەمریکا بەسەر هەموو جیهان لە سەردەمی دوای شەڕی ساردda میلیتاریزم و شەڕی خوێناوی بەدوای خۆیدا هێنا، لاوازبوون و دامرکانی هێژموونی ئەمریکاش لە ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵکوژی و پەرەسەندنی میلیتاریزمی لێدەکەوێتەوە.

بەڵگە پێشکەشکراوەکان بە دادگای لاهە نەتەنها بۆ ڕاگرتنی هێرشی نیزامی ئیسرائیل بۆسەر غەززە، کە یەکێک لە خواستەکانی دەوڵەتی ئەفریقای باشوورە لە سکاڵاکەیدا، بەڵکوو دەبێ بۆ دەستگیرکردنی دەستبەجێ سەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل و هاودەستە جیهانییەکانیشیان کافی بێت. بەڵام وەها چاوەڕوانییەک لە نیزامی جیهانی سەرمایە و دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی لەوانە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگاکانی، خۆشباوەڕییە و هیچی تر. بنیامین نەتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە وتارەکەی خۆیدا بەبۆنەی سەدەمین ڕۆژی هێرشی ئیسرائیل بۆسەر غەززە، وێڕای پێداگری لەسەر درێژەی کۆمەڵکوژی لە غەززە وتی: "هیچ کەس ناتوانێ بەر بە ئێمە بگرێ، نە لاهە، نە میحوەری شەڕئەنگیزی و نە هیچ کەسێکی تر". دەوڵەتی ئیسرائیل بەردەوام بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەدژی خۆی نادیدە گرتووە و ئەم ڕێکخراوەش لەبەرامبەر سەرپێچییەکانیدا هیچ هەنگاوێکی گاریکەری هەڵنەگرتووە. بۆ نموونە ١٤٠ پەسندکراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مەحکوومکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٥ هەتا ٢٠٢٢ لەلایەن ئەم دەوڵەتەوە لەبەرچاو نە گیراوە.

بێگومان دەسپێکی دادگای لاهە بۆ بەدواداچوونی جینوسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دەستکەوت و بەرهەمەکانی بزووتنەوەی جیهانییە بەدژی تاوانە جەنگییەکانی دەسەڵاتی ئیسرائیل لە غەززە. بەدەر لە ئاکامی نیهایی دادگای لاهە و ئامانجی دەوڵەتی ئەفریقای باشوور لەم سکاڵایە وەک ئەندامێکی سەرەکی گرووپی "بریکس"، گرینگی ئەم دادگایە لەوەدایە کە توانیی وێنەیەکی حاشاهەڵنەگر لە جەنایاتی سیستماتیکی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین بە هەموو خەڵکی جیهان نیشان بدات. دادگای لاهە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل بە پشتیوانی سەرمایەی جیهانی بە سەرکردەیی دەوڵەتی ئەمریکا و بەربەریەتی نیزامی سەرمایەداری کە بە وشە جوانەکانی وەک "دیموکراسی" و "مافی مرۆڤ" ڕازاوەتەوە، بۆ بیروڕای گشتیی جیهان زیاتر ئاشکرا بێت. بێگومان بۆ کۆتایی هاتنی جینۆسایدی غەززە و تاوانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل، نابێ چاوی هیوامان لە دەوڵەتەکان و لە هیچکام لە جەمسەرەکانی سەرمایەداری بێت، بەڵکوو بزووتنەوەی جیهانی دژی شەڕ و دژی کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل دەبێ بە هێزێکی مەزنترەوە بێتە مەیدان و زیاتر لە ڕابردوو بچێتە ناو کارخانە و ناوەندە سەنعەتییەکان و بەندەرگاکانەوە.

***

# کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری ئێران شکست بە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم دێنن

قەراره شانۆی هەڵبژاردنەکانی دوازدەهەمین دەورەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و شەشەمین دەورەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرگانی ڕەهبەری ڕۆژی ۱۱ی مانگی ڕەشەممەی ئەمساڵ بەشێوەی هاوکات بەڕێوەبچێت. هەڵبژادنێک کە بە ئیعترافی خودی ڕێبەرانی باڵەکانی ئوسوولگەرا و باقی کارگێڕانی ڕژیم، بێ ڕەونەقترین گاڵتەجاری هەڵبژاردن لەماوەی حەیاتی کۆماری ئیسلامیدا دەبێت. بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو کە ڕژیم لە چەندین مانگ پێشترەوە جار و جەنجاڵی بۆڕێ دەخست، لەم دەورەیەدا کە تەنیا دوو مانگ بۆ هەڵبژاردنەکان ماوە چالاکی تەبلیغی بەشێوەی بەرچاو لەئارادا نییە. چونکە خودی کارگێڕانی ڕژیمیش دەزانن کە ئیتر ناتوانن خەڵک بە تەبلیغاتی درۆیین لە دەوری سندووقەکانی دەنگدان کۆبکەنەوە و وێنەیان لێ بگرن و وەک



بەڵگەی مەشرووعیەتی خۆیان بەکاری بهێنن. لەم پێوەندەدا ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی مانگی بەفرانبار ئەبۆلقاسم ڕەئوفیان، بەڕێوەبەری گشتی حیزبی ئوسوولگەرای "ئیسلامیی ئێران زەمین"، وێڕای ئەوەیکە دەوڵەتی ڕەئیسی قاتڵ و مەجلیسی پادگانی و شۆرای نیگەهبانی بە خەتابار زانی دانی بەوە دانا کە: "فەزای سارد و بێ ڕەمەقی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا و بێ ئەنگیزەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵک بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی مەجلیس، ئاکامی کردەوەی دەوڵەتی ١٣ بەتایبەت لە بواری ئابوورییەوەیە کە کارنامەیەکی غەیری قابیلی قەبووڵی هەیە و مەجلیسیش لە چاوەدێری کردن بەسەر کرداری دەوڵەتدا ناکارامە بووە". ئەو سەبارەت بە شۆرای نیگەهبانیش وتی: "شۆرای نیگەهبان لە دەورەکانی پێشوودا بە ڕەدکردنی سەلاحیەتی کاندیدەکان تووشی هەڵەی ستراتێژیک بووە و خەسارەتی جوبران نەکراوی لێ کەوتووتەوە. لەم دوو مانگەشدا کارێک لە دەستی دەوڵەت و مەجلیس نایە تا بتوانن خەڵک بەرەو سندووقەکانی دەنگدان ڕەوانە بکەن".

«خەبەر ئانلاین" هەواڵنێری حکوومەتی ئێران، لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە: « لەم دەورەیەدا خەڵکی تاران تەنانەت وەک دەورەی پێشوو ١٨ لەسەدیش بەشداری ناکەن و بەپێی دوایین ڕاپرسییەکان، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو تەنها ٨ لەسەدی خەڵکی تاران بەشدار دەبن. لە وەها حاڵەتێکدا کێشەیەکی ئەمنیەتی گەورە بۆ وڵات پێش دێت و مەشرووعیەتی نیزام دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە". هەواڵ و بۆچوونی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش نیشانی دەدەن کە لە گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕەشەممەی ڕژیمدا جەماوەری خەڵک بەشێوەیەکی یەکجار کەم بەشداری دەکەن. وەها هەلومەرجێکی فەزاحەتبار نیگەرانی بەرینی عەلی خامنەییشی لێکەوتووەتەوە و ناچاری کردووە سەرلێشێواوانە کاردانەوە نیشان بدات و هەڕەشە لە خەڵک بکات. خامنەیی ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی مانگی بەفرانبار ژمارەیەک لە شەپوورچییە مەداحەکانی کۆکردەوە و وێڕای وەبیرهێنانەوەی حمایەتەکانی ڕژیم لە مەداحان و مەوعیزەی خورافی، مەئمووریەتی پێدان تا لەژێرناوی خورافیی "جەهادی تەبیین" بۆ ئینتخابات تەبلیغات بکەن. خامنەیی ڕوو بەوان وتی: «مەداح، واعز و هەیئەت لە گرینگترین بەشەکانی دەسەڵاتی نەرمی حکوومەتن. ئەمڕۆ ئێمە هەڵبژاردنمان لەپێشە و ئێوە دەبێ ئەرکی خۆتان بزانن. باری جەهادی تەبیین لەسەر شانی ئێوەیە". خامنەیی بێجگەلە تەبلیغ ئەرکی داسەپاندنی زۆر و ملهوڕیشی پێ سپاردن. خامنەیی وتی: «هێندێک نایانهەوێ هەڵبژاردنەکان ئەوجۆرەی کە شیاوە بەڕێوەبچێت. هەوڵ دەدەن خەڵک نائومێد بکەن. خەڵک بێ متمانە بکەن کە هەڵبژاردنەکان هیچ فایدەیەکی نییە. ئێوە دەبێ بەرەنگاریان بنەوە. هەرکەس دژی هەڵبژاردنەکان بێت، دژی کۆماری ئیسلامی و ئیسلامە و ئەمە کردەوەیەکی دوژمنانەیە". خامنەیی باش دەزانێ کە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم هیچ کڕیارێکی نییە. دەیهەوێ بەم ئیقدامات و هەڕەشانە خەڵک بێنێتە پای سندووقەکانی دەنگدان و ئەم شانۆیە "هەڵبژاردن و خەڵک سالاری" ناو لێ بنێت و بەمجۆرە بۆ خۆی و بۆ حکوومەتەکەی مەشرووعیەت بتاشێ. هەروەها لەم بوارەدا جێگری سپای پاسدارانیش نیگەرانی خۆی دەربڕی و وتی: «دوژمن و نەیاران دەیانهەوێ فەزای زانکۆکان بەر لە هەڵبژاردنەکان ئاڵۆز بکەن. پێویستە بەشێوەی جیدی لەگەڵ "جهادی تەبیین" لەم بوارەدا هەنگاو هەڵگرین. چەند مانگی داهاتوو تا کۆتایی ساڵ بۆ ئێمە چارەنووسسازە".

لەو نێوەدا ئیعتدالگەرایان و ئیسلاح تەڵەبە حکوومەتییەکان بە هیوای لاوازبوون و شکستی ئۆسوولگەراکان، هەوڵ دەدەن بۆ ناو ئاڵقەی بەرتەسکی دەسەڵات بگەڕێنەوە. ئەم خوشباوەڕییەی ئەوان لەو جێگەوە سەرچاوە دەگرێت کە شۆرای نیگەهبان بە ئاگاداربوون لە پێگەی یەکجار لاوازی ڕژیم و بەشداری نەکردنی خەڵک لە نمایشی ئینتخابات و بە ئامانجی فریودانی خەڵک، چند کەسێکیانی ڕەدی سەلاحیەت نەکردووە. چەند مانگ لەمەوبەر محەممەد ڕەزا باهونەر ئەندامی مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام وتبووی کە جەریانی ئوسوولگەرا بۆ بازاڕگەرمی هەڵبژاردنەکان بڕیاری داوە جەریانی ئیسلاح تەڵەب بێنێتە ناو کایەوە. لەمبارەوە وتەبێژی بەرەی ئیسلاحات زەبوونانە ڕایگەیاند: «بەسەرەنجدان بە بەیاناتی ڕەهبەر ئەمە باشترین دەرفەتە کە مەجلیس ئەو ڕێگە داخراوە بکاتەوە. خواستی بەرەی ئیسلاحات، هەڵبژاردنی ڕەقابەتی مونسیفانە و هەبوونی کاندیدی خۆمانە. بەڵام هەتا ئێستا هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە". بەڵام ئیسلاح تەڵەبەکان و ئیعتدالیون دەبێ بزانن کە کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران کە حکوومەتی ئیسلامی ژیان و گوزەران و ئازادییەکانی خستووتە مەترسی جیدییەوە ساڵەهایە بە دروشمی "ئیسلاح تەڵەب ئوسوولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا" نەتەنها لەوان بەڵکوو لە گشت نیزامی کۆماری ئیسلامی تێپەریون و دەنگی ئەوان ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە.

سەرانی حکوومەت لە پاسدارانەوە تا ئاخوندەکان دەزانن کە تەنانەت بە یەکدەست کردن و پادگانی کردنی هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات لە دەوڵەت و مەجلیسەوە هەتا دەزگای قەزایی و هیتر نەتەنها نەیانتیوانیوە قەیرانەکانی ڕژیم چارەسەر بکەن، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگایان خراپتر کردووە و ژیان گوزەرانی خەڵکیان بەرەوڕووی مەترسی کردووتەوە. کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، پەرستاران و هەموو جەماوەری خەڵکی ستەمدیدە و بێبەشی کۆمەڵگا، بەباشی دەزانن کە بەشداریکردن لە شانۆی هەڵبژاردنی ڕژیم بە مانای دەنگدانە بە زیاتر لە چوار دەیە هەژاری و برسیەتی و بێکاری کرێکارانە. بەمانای دەنگدانە بە هەڵاواردن و بێمافی ژنان و یاسای کۆنەپەرستانەی دژەژنە. دەنگدانە بە مەحروومیەتی لاوان لە ژیانێکی ئارام و شایستەی ئینسانە. دەنگدانە بە چارەسەر نەکردنی کێشەی ژیانی مامۆستایان و خانەنشینانە. دەننگدانە بە کوشتاری هەزاران منداڵ و لاو لەسەر شەقامەکان لە جەریانی ئاخێزە شۆرشگیرانەکان بۆ ڕزگارییە. دەنگدانە بە زیندان و ئەشکەنجە و قەتڵی ناو زیندانەکانە. دەنگدانە بە دەخاڵەتی کۆماری ئیسلامی لە بەرپاکردنی جەنگ و کوشتار و وێرانی لە وڵاتانی ناوچەکەیە. دەنگدانە بە تیرۆریزم و نائەمنی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێرانە. کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری ئێران دەزانن کە بەشداریکردن لەم شانۆگرییەدا بەمانای دەنگدان بە قاتڵانی مەهسا، نیکا، سارینا، ئەسرا، مۆنا، سامر، جەواد و ئارمیتا و سەدان لاوی پڕگڕوتین و شۆڕشگێڕە کە لە جەریانی ئاخێزە ئینقلابییەکاندا لە ڕێگای ئازادی و بەرابەری و اسایش وخۆشگوزەرانی ئینسانەکاندا گیانیان بەختکرد.

کەوابوو پێویستە چالاکان و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران، مامۆستایان، خوێندکاران، خانەنشینان و باقی توێژە بێبەشکراوەکانی کۆمەڵگا هەر لە ئێستاوە بە دەرکردنی بەیاننامەی سیاسی بڕیاری لێبڕاوانەی خۆیان بۆ شکست پێهێنانی گاڵتەجاری هەڵبژاردنی ڕژیم ڕاگەیەنن. بێگومان کرێکاران و خەڵکی خەباتکاری ئێران بە درێژەدانی مانگرتن و نارەزایەتی خۆیان و بە نەچوونە پای سندووقەکانی دەنگدان شکست بەم گاڵتەجارییەش دەهێنن.

❊❊❊

# درێژەی جەنایاتی جەنگی دەوڵەتی تورکییە لە کوردستانی سووریە

بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵنێرییەکان ئەرتەشی تورکییە لە شەوی ١٢ی مانگی ژانویەوە هەتا ئێستا دەیان ژێرخان و ناوەندی بەرهەمهێنانی بەرق و ئاوی خواردنەوە، ناوەندی ئاگرکووژێنەوە، باخەکان، ناوەندەکانی ڕاگرتنی دانەوێڵە و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی لە ٥٦ ناوچەی کوردستانی سووریە بۆمباران کردووە. بۆمبارانەکانی ئەم دوایانە لە ساڵی ٢٠١٧ەوە هەتا ئێستا یەکێک لە قورسترین بۆمبارانەکانی ئەرتەشی تورکییە بۆسەر کوردستانی سووریە بووە. بەهۆی هێرشی فڕۆکە و درۆنەکانی هێزی ئاسمانی ئەرتەشی تورکییە لەماوەی ٤٨ کاتژمێری ڕابردوودا بەشێکی زۆر لە ژێرخان و ناوەندەکانی خزمەتگوزاری لە ناوچەکانی ”دێریکەوە“ هەتا ”قامیشلۆ“ و ”عامودا“، ”دەرباسییە“، ”کۆبانێ“ و ”شەهبا“ لە کوردستانی سووریە بەتەواوی وێران بوون و یان خەساری جیددیان بەرکەوتووە. بەهۆی بۆمبارانی ناوەند و وزەخانەکانی بەرهەمهێنانی بەرق لە شارەکانی کۆبانێ، عەین عیسا،



عامودا، ترپە سپی و دەرباسییە، جەریانی بەرق لەم شارانە و لە سەدان گوندی دیکەی ناوچەکە قەتع بووە و چەندین کەسی بێدیفاع برینداربوون و ڕەوانەی نەخۆشخانەکان کراون. وەزارەتی بەرگریی دەوڵەتی فاشیستی تورکییە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە لە جەریانی ئەم هێرشانەدا ژمارەیەک لە هێزەکانی سووریەی دێموکراتیک کوژراون. بەڵام فەرماندەیی هێزەکانی سووریەی دێموکراتیک لە ڕاگەیاندنێکدا ئیدیعای وەزارەتی بەرگریی دەوڵەتی تورکییەی ڕەتکردەوە و ئەم ئیدیعا درۆیینەی پاساوێک بۆ جەنایاتی جەنگی ئەرتەشی تورکییە لە کوردستانی سووریە پێناسەکرد. دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان لە حاڵێکدا ئەم جەنایاتە جەنگییە بەدژی خەڵکی کوردستانی سووریە درێژە دەدات کە لەژێر گوشاری بیروڕای گشتی تورکییەدا لەوپەڕی دووڕوویيدا هێرشی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بۆسەر ناوەندەکانی خزمەتگوزاری و تەندروستی لە کەرتی غەززە لەژێرناوی تاوانی شەڕ و تاوان دژبە مرۆڤایەتی مەحکووم دەکات.

بۆمبارانی ناوەندەکانی خزمەتگوزاری و جەنایەتێک کە دەوڵەتی ئەردۆغان لە کوردستانی سووریە ئەنجامی دەدات وەبیرهێنەرەوەی ئەو جەنایەتانەیە کە شوڤێنیستە دەسەڵاتدارەکان لە تورکییە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا ئەنجامیان داوە. کوشتاری ئەرمەنیەکان لە ساڵەکانی کۆتایی ئیمپراتووری عوسمانی، کوشتاری خەڵکی ”دێرسیم“ بە چەکی کیمیایی لە ساڵەکانی ١٩٣٧ – ١٩٣٨، کوشتاری کوردە عەلەویەکان لە لایەن ”گورگە بۆرەکان“ و دەزگای ئەمنیەتی لە ”مەرعەش“ لە مانگی دێسامبری ١٩٧٨، جەنایەتی ئەرتەشی فاشیستی دەوڵەتی تورکییە لە ساڵەکانی دەیەی نەوەدی زایینی کە بەهۆیەوە ٤ هەزار گوندی کوردستان چۆڵ کرا و زیاتر لە یەك و نیو ملیۆن ماڵی خەڵك لە ژێر بڵێسەکانی ئاگردا سووتان و ٤ ملیۆن کەس لە خەڵکی کوردستان ناچار بە کۆچی زۆرەملی کران و هەزاران کەسی دیکەش دەستبەسەرکران یاخۆد گیانیان لەدەست دا. ئەم تاوانە ڕێکخراوانە لە کارنامەی پێشینیانی دەوڵەتی ئاک پارتیدا تۆمارکراون. ئەردۆغان لەڕاستیدا بە بۆمبارانی بەردەوامی ناوەند و ژێرخانەکانی خزمەتگوزاری و ماڵی خەڵک لە کوردستانی سووریە و بە ئاوارەکردنی خەڵکی بێتاوان هەمان ڕێگا درێژە دەدات.

هێرشی دەوڵەتی فاشیستی تورکییە بۆسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەرایەتی ڕۆژئاوا و ژێرخانە خزمەتگوزارییەکان، لەحاڵێکدا ئیدامەی هەیە کە ئەرتەشی ئەمریکا کۆنتڕۆڵی فەزای ئاسمانی ئەم ناوچەیەی لە ئیختیاردایە. هەروەها هێزەکانی ئەرتەشی ئەمریکا لەژێرناوی هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی دژبە داعش، کە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە هێزەکانی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاواش بەشێک لەم هاوپەیمانییەن، خاوەنی چەندین پایەگای نیزامی لە کوردستانی سووریەیە. کەوابوو نابێ گومان لەوەدا هەبێت کە هێرشی ئەرتەشی تورکییە بەدژی خەڵکی کوردستانی سووریە بە تەوافوقی ژێربەژێر لەگەڵ ئەرتەشی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت. لە وەها بارودۆخێکدا هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار لە کوردستانی سووریە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا نەتەنیا لەڕاستای بەرژوەندی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانی سووریەدا نییە، بەڵکوو لە ئیعتباری بزووتنەوەی مافخوازانەی ئەم ناوچەیەش زەربەی قەرەبوونەکراوەی داوە. دەوڵەتی ئەمریکا کە هاودەستی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە کوشتاری خەڵکی غەززەیە و پەروەندەیەکی پڕ لە کوودتا و جەنایەتی لە سەرکوتی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری جیهاندا هەیە، ناتوانێ داکۆکیکاری ڕاستەقینەی ماف و بەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستانی سووریە بێت.

لەلایەکی دیکەوە نابێ ڕۆڵی تێکدەرانە و دووڕوویانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاو نگیرێت کە بە ڕواڵەت باسی دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستانی سووریە دەکات و بەنهێنی خەریکی پیلانگێڕی لەدژیانە. هاوئاهەنگی و هاوکاری دەوڵەتانی ئێران، عێراق و سووریە لەگەڵ ڕژیمی تورکییە لە ئەنجامدانی هێرشی نیزامی و ئەمنیەتی و سیخوڕی لەدژی خەڵک لە هەموو بەشەکانی کوردستان، سیاسەتی لەمێژینەی ئەم دەوڵەتانەیە و سەرەڕای ناکۆکی نێوانیان، بە هاوکاری یەکتر بەڕێوەی دەبەن.

بێگومان مرۆڤایەتی ئازادیخواز و یەکسانیخواز هێرشی دەوڵەتی فاشیستی تورکییە بۆسەر خەڵکی تێکۆشەر و زەنجدیتووی کوردستانی سووریە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی بەرق و ئاو و ناوەندە دەرمانییەکان لە ڕۆژئاوا بەتوندی مەحکووم دەکات. لە بارودۆخی قەیرناوایی ئێستادا کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستانی سووریە تەنها بە پشت بەستن بە هێزی ڕێکخراوی خۆیان و بە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری سووریە و لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەتوانن لە بەرابەر پیلانگێڕیی حکوومەتە فاشیست و سەرکوتکەرەکان موقاوەمەت بکەن و توانا و هێزێکی تازە ببەخشن بە خەباتی خۆیان لەپێناو ڕووخاندنی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان و دەستەبەرکردنی ئازادی و بەرابەری و ئاسایش وخۆشگوزەرانی ئینسانەکان.

❊❊❊

# خەبات دژبە سزای ئێعدام و بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی بکەینە بزووتنەوەیەکی سەرانسەری

لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا زیاتر لە ٣٠ بەندکراوی دیکە لەژێرناوی جۆراوجۆردا لە زیندانەکانی ئێران لەلایەن ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کراون. بەپێی ڕاپۆرتی هەنگاو و هرانا دوو ئۆرگانی هەواڵنێریی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕۆژی پێنجشەممە ١۴ی مانگی بەفرانباری١۴٠٢ دوو بەندکراو لە زیندانی هەمەدان ئێعدام کران. ڕۆژی سێشەممە ١٢ی مانگی بەفرانبار حوکمی ئێعدامی داوود عەبدوڵلاهی، دوای تەحەمولی زیاتر لە ١٣ ساڵ زیندان لە زیندانی قزڵحەسار جێبەجێ کرا. بەپێی ڕاگەیاندنی ناوەندی میدیایی ئەردەبیل، لەماوەی هەفتەیەک پێش ١٢ی بەفرانبار حوکمی ٩ زیندانی کە پێشتر لە پەروەندەی جیاوازدا بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماددەی هۆشبەر بە ئێعدام مەحکووم کرابوون، لە زیندانی ئەردەبیل بەڕێوەچوو. ڕۆژی دووشەممە ١١ی مانگی بەفرانبار لە یەکەمین ڕۆژی ساڵی زایینیدا خوێنڕێژانی ڕژیم لە زیندانی ناوەندی کەرەج، پێنج کەسیان ئێعدام کرد. ڕۆژێک پێشتریش شەش بەندکراوی دیکە لە زیندانی بیرجەند و کەسێکی تر لە زیندانی عادڵ ئابادی شیراز ئێعدام کران. ڕۆژی شەممە ٩ی مانگی بەفرانبار لە زیندانی قزڵ حەسار بەندکراوێکی دیکەی دانیشتووی ئیلامیان ئێعدام کرد. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ڕۆژی هەینیش ڕژیمی ئیسلامی دوو بەندکراوی دیکەی لە زیندانی مشکین شار

ئێعدام کرد و ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی مانگی بەفرانبار جەلادانی کۆماری ئیسلامی سێ کەسی دیکەیان لە کاشان، بەندەرعەباس و یەزد ئێعدام کرد. بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٦ی مانگی بەفرانبار چوار بەندکراوی دیکە لە زیندانی بیرجەند لەلایەن ماشێنی کوشتاری ڕژیمەوە ئێعدام کران. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ناوەندی ئاماری کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤی "هەنگاو" ڕژیمی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٢٣دا لانیکەم٨٢٣ بەندکراو کە پێنجیان لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا تەمەنیان لەژێر ١٨ساڵەوە بوون، ئێعدام کردووە. بێجگەلە ئەم ئێعدامانە، ڕژیمی ئیسلامی لەماوەی ساڵی ڕابردوودا لە دادگا فەرمایشییەکانیدا بۆ ١٥٥ بەندکراوی دیکە حوکمی ئێعدامی دەرکردووە کە هێشتا جێبەجێ نەکراون. ئاماری ئێعدام لە ساڵی ڕابردووی زایینی لەچاو ژمارەی ئێعدامەکانی ساڵی ٢٠٢٢، ٤١ لەسەدا بەرزبوونەوە نیشان دەدات.




ئەگەرچی ئێعدامی ژمارەیەک لە بەندکراوان و پەرەپێدانی کەشوهەوای سەرکوت بەئامانجی چاوترسێنکردن و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بزووتنەوە چاوەڕوانکراوەکان بەردەوام بەشێک لە مەوجودیەتی ڕژیم بووە، بەڵام ئەمجارەیان سەرانی ڕژیم بەئاشکرا بۆ بەرەنگاربوونەوە دژبە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتنی کرێکاران، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانی خانەنشینان و باقی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی کۆمەڵگا، ئەم شەپۆلەی ئێعدامەیان خستووەتە ڕێ. ئەم ئێعدامانە لە درێژەی هێرش بۆ سەر ژنان بە "تاوان"ی لابردنی حیجاب، لە ئیدامەی هێرشی شیمیایی بۆسەر مەدرەسەکانی کچان، لە درێژەی هێرشی ڕێکخراو بۆسەر زانکۆکان و لە درێژەی پیلانگێڕی بۆ تێکشکاندنی مانگرتنی کرێکاران لە کارخانە و ناوەندە سەنعەتییەکان بەرنامەڕێژی کراوە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا کە لە قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسیدا دەست و پێ لێدەدات، لە ئاستی جیهاندا زیاتر لە ڕابردوو پەراوێز خراوە، لە هەلومەرجێکدا کە ستراتێژییەکەی بۆ بوون بە دەسەڵاتی باڵای ناوچەکە شکستی هێناوە، دەزگای ئیدئۆلۆژیکەی توانای مەشروعیەت بەخشینی بەم هەمووە هەژاری و فەلاکەت و بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەدەست داوە و لەژێر گوشاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا هیچ پێگەیەکی لەناو بیروڕای گشتیدا نییە، لە وەها بارودۆخێکدا شمشێری لە ڕووەوە بەستووە و سات لە دوای سات جەنایەت دەخوڵقێنێت. ئەم ڕژیمە بەنیازە لەوپەڕی داماویدا بە پەرەپێدانی کەشوهەوای ئەمنیەتی و ئێعدامی بەندکراوان، دەسەڵاتی ماشێنی سەرکوتەکەی بە رووی ئەو خەڵکەدا بکێشێت کە ترسیان لە دەسەڵات ڕژاوە و هاتوونەتە مەیدانی نەبەردەوە و بە کەمتر لە ڕووخاندنی ڕژیم ڕازی نین.

کرێکاران، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و خەباتکار!

هێرشی جەنایەتکارانەی داعش لە کرمان بووەتە دەرفەتێک بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تا بە مەزلووم نەمایی، خۆی وەک قوربانی تیرۆریزم نیشان بدات و بەم بیانووەوە شەپۆلی ئێعدامکردنی بەندکراوان خێراتر بکات و فەزای سەرکوت لە کۆمەڵگادا پەرەپێبدات. نابێ بە ڕژیم ڕێگە بدرێت بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم ماشێنی کوشتاری بەندکراوان خێراتر بکاتەوە و بە ئەمنیەتی کردنی کەشوهەوای کۆمەڵگا، هێرش بکاتە سەر خەڵک. پێویستە ماشێنی کوشتاری ڕژیم ڕابگیرێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٨دا بە هات و هاواری تەبلیغاتی و بە نیشاندانی تابووتەکان و بە قارەمانسازی لە قاسم سولەیمانی تیرۆریست بەبیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڕەشەی جەنگی ئەمریکا لەڕاستیدا بزووتنەوەی دادخوازی کردە نیشانە کە بەدژی جەنایاتی ڕژیم لە جەریانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەزەڵوەری ٩٨ هاتبووە مەیدان. ئەمجاریش سەران و فەرماندەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە هەوڵ بۆ ئەمنیەتی کردنی زیاتری فەزای کۆمەڵگا لەڕاستیدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و بەردەوامبوونیان کردووەتە نیشانە.

لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی سزای ئێعدام یەکگرتوو و یەکپارچە ڕاپەڕن! سزای ئێعدام قەتڵی عەمدی دەوڵەتییە. پێویستە بەرانبەر بە شەپۆلی ئێعدام لە مافی ژیانی ئینسان لێبڕاوانە دیفاع بکەین. پێویستە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی سزای ئێعدام یەکپارچە و یەکگرتوو بێینە مەیدان.

بۆ ئازادی بێ شەرت و مەرجی بەندکراوانی سیاسی و عەقیدەتی پێویستە کۆبوونەوەی نارەزایەتی بەڕێوەبەرین. هیچ کەس نابێ بەخاتری بیروباوەڕ و بەخاتری چالاکی سیاسی بخرێتە زیندانەوە. ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی چالاکی سیاسی مافی بێ ئەملاوئەولای هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە. بەرپاکردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە شەقام و ڕێپێوان بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئازادی ڕادەربڕین و بیروباوەڕ. هەروەک مرۆڤی شیاوی ئازادی و بەرابەری، قورس و قایم و بێ ڕاڕایی پێویستە بۆ دیفاع لە مافە ڕەواکانمان، کۆبوونەوەی نارەزایەتی بەڕێوەبەرین! لە بەرامبەر زیندانەکاندا کۆببنەوە و بە دەنگی بەرز خوازیاری ئازادی بەندکراوانی سیاسی بن. لە گەڕەک و کارخانە و زانکۆ و شەقام درووشمی "بەندکراوی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت" بەرز بکەنەوە. خەبات دژبە سزای ئێعدام و بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی بکەنە بزووتنەوەیەکی سەرانسەری.

بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە سەرانسەری ئێران و بەرپاکردنی هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی لە دەرەوەی وڵات، دژبە حوکمی ئێعدام، بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی، دەتوانێ بەر بە درێژەی شەپۆلی ئێعدام، بەربە زیندانی کردنی تێکۆشەرانی سیاسی و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بگرێت. خەباتی سەرکەوتووانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدام و بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی لە هەلومەرجی سیاسی ئێستادا دەتوانێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا چەند هەنگاو بەرەوپێش بەرێت.

***

## بەیاننامەی ناوەندی نووسەرانی ئێران:
## حوکمی ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە!

هەتا کەی قەراره خەڵکی ئەم وڵاتە لە چاوەڕوانی ئێعدام و جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامدا ژیانیان تاڵ بێ؟ هەتا کەی، هەتا چەندە، دەبێ دەنگی مناڵانێک ببیستین کە لە نێوان ئومێد و نائومێدیدا هاوار دەکەن: "باوکم ئێعدام مەکەن ... دایکم ئێعدام مەکەن ... یان دەنگی ئەو دایک و باوکانەی کە هاوار دەکەن: "کوڕەکەم ... کچەکەم ... یان هاوسەرەکەم ... خوشکەکەم ... براکەم ... ئێعدام مەکەن؟ چەند هەزار کەسی تر دەبێ بە پەتی سێدارەوە بکرێن؟ کەی ئەم چەرخی کوشتارە ڕەسمی و "قانوونی"یە، ئەم هێمایە مێژووی تەوەحوش، لەکار دەکەوێ و ڕادەوەستێ؟ بەداخەوە، هیچ نیشانەیەک لە ڕاوەستانی نابیندرێ. مخابن، لەماوەی حەفتەکانی ڕابردوودا ژمارەی ئێعدامکراوان زیاتر بوون. چەندین ڕۆژە کە ناوی شەش جەوان: ڕەزا ڕەسایی، موجاهد کورکور، موحسین مەزلووم، محەممەد فەرامەرزی، پژمان فاتحی و وەفا ئازەربار لە لیستی ئێعدامییەکاندان و هەموو ساتێکی خانەوادەکان و دۆستان و هەر هاووڵاتییەکی مرۆڤدۆست لە چاوەڕوانی ترسناکی کوشتنیاندا بەسەر دەچێت.

ئەم ئێعدامانە شکستی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئایدیۆلۆژیی حاکمان نە جوبران دەکاتەوە و نە دایدەپۆشێ. تەنانەت ئیتر ئامرازی جێی متمانەی پاراستنی دەسەڵاتەکەشیان نییە. چونکە بەم کردەوەیان بەئامانجیان، کە پەرەپێدانی ترس و تۆقاندن و چاوترسێنکردنی خەڵکە ناگەن. کاتێک ژیانی خەڵک ئاوێتەی هەژاری و نەهامەتی و مەرگ بووە، ئیتر هیچیان نییە تا بەخاتری لەدەستدانی بترسێن. لەم وڵاتەدا هەموو ئێعدامێک سیاسییە، تەنانەت کاتێک تاوانبارێکی "ئاسایی" لەدار دەدەن. چونکە بەئامانجی چاوترسێنکردنی خەڵک و پاشەکشەکردن بە ئەوان بەڕێوە دەچێت. دەیانهەوێ قفڵ لە زارەکان بدەن و دەست و پێیەکان بە زنجیری کۆیلەتی ببەستنەوە. پێشێلکردنی مافی ژیانی ئەم کەسانە بە پێشێلکردنی نارەزایەتی و مافی ئازادی ڕادەربڕینی خەڵکەوە گرێ دەدرێت. پەرەسەندنی ژمارەی ئێعدامەکان لە جەرگەی بزووتنەوەی بەرینی نارەزایەتی و دوای ئەم بزووتنەوەیە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە. لە جەریانی بزووتنەوەی

"ژن، ژیان، ئازادی" و ماوەیەک دواتری، ژمارەی ئێعدامەکان هێندە بەرز بووەوە کە جیاوازییەکی ٧٥ لەسەدی لەچاو ساڵانی پێشوو تۆمار کرد. دەزگای تەبلیغی حکومەت، بۆ داپۆشینی ئامانجی سەرەکی، بەردەوام ئێعدام بەجۆرێک لە "سزادانی تاوانباران و بە "بەڕێوەبردنی عەداڵەت" پێناسەی دەکات. بەڵام لە بەرامبەردا وتاری "ئێعدام قەتڵی حکوومەتییە" بووەتە بەشێک لە باوەڕی گشتی.

لەناو ئەو خەڵکەی کە لەئاست بەرینایی حوکمی ئێعدام لەماوەی چەندین دەیەی ڕابردوو زامدار و تووڕە و بێزارن، بە کوشتنی "یاسایی" ئینسانەکان مانۆڕی "عەداڵەت" نادرێ. بەپێچەوانەوە،




بەتاوان پێناسەکردنی حوکمی ئێعدام هەنگاوێکی گرینگە بەرەو عەداڵەتی قەزایی و هەنگاوێکی ئەساسییە لە ئینسانیترکردنی کۆمەڵگا. پێویستە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ هەمیشە کۆتایی بێت. وە ئەمەش بێگومان نایەتە دی مەگەر بە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ناڕازی و دژبەری ئێعدام.

هەر ئێستا شەش لاو مەترسیی ئێعدامیان لەسەرە. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو شەپۆلێک لە ئەحکام و جێبەجێکردنی ئێعدام کەوتووتە ڕێ. هەرکات بەلایەکی سرووشتی وەک لافاو دێت و ژیانی بەشێک لە خەڵک لەناو دەبات، بەڕەسمی ئینسانیەت، زۆر کەس دەبنە یارمەتیدەر و باوەشی میهرەبانییان دەکەنەوە. لەئێستاشدا بەدژی شەپۆلی ماڵوێرانکەری ئەحکامی ئێعدام یارمەتی خەڵک بەکجار پێویست و چارەنووسسازە. حوکمی ئێعدامی ئەم شەش لاوە دەبێ هەڵوەشێتەوە. ئەوان زیندانی سیاسین و ئەسڵەن نەدەبوو دەستگیر بکرێن. چونکە مافی ناڕەزایەتی، مافی چالاکی سیاسی و مافی ئازادی ڕادەربڕین مافی بنەڕەتی و سەرەتایی هەموو مرۆڤێکە.

ناوەندی نووسەرانی ئێران خوازیاری هەڵوەشاندنەوە ئێعدامی ڕەزا ڕەسایی، موجاهد کورکور، موحسین مەزلووم، محەممەد فەرامەرزی، پژمان فاتحی، وەفا ئازەربار و باقی حوکمەکانی دیکەی ئێعدام و خوازیاری ئازادی هەموو ئەو کەسانەیە کە بەهۆی چالاکی سیاسی یان بەهۆی دەربڕینی بیر و بۆچوونی خۆیان زیندانی کراون.

ناوەندی نووسەرانی ئێران

٢٤ی بەفرانباری ١٤٠٢

***

## دانپێدانانی عەلی خامنەیی بە ئیفلاسی ئابووری لە سەروبەندی گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکان

لە حاڵێکدا کە قەیرانی ئابووریی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر و بەرینتر دەبێتەوە، لەحاڵێکدا کە تەوەروم و گرانی توانای کڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی هێناوەتە خوار، لە حاڵێکدا کە بازاڕ و کەسب و کاری زۆربەی فرۆشیارانی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک بەرەوڕووی ڕکوود بووەتەوە، لەحاڵێکدا کە ژیان و گوزەرانی بەشێکی زیاتر لە جەماوەری خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەکەوێتە ژێر هێڵی هەژارییەوە، لە وەها بارودۆخێکدا عەلی خامنەیی هەفتەی ڕابردوو دووبارە هاتە دەنگ و هۆکاری بارودۆخی قەیراناوی و "لاوازبوونی ئابووری"ی ئێرانی بۆ بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان گەڕاندەوە. هەڵبەت ئەو نیگەرانی ئەوزاعی فەلاکەتباری ژیانی دەیان ملیۆن کەس لە کرێکاران و خەڵکی ئێران نییە بەڵکوو نیگەرانی ئێستای ئەو بەشداری نەکردنی خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی داهاتووە کە دەیهەوێ مەشرووعیەتی ئیدامەی دەسەڵاتەکەی لە سندووقەکانی دەنگدانەوە دەربکێشێ. خامنەیی هەفتەی پێشوو وتی "ئەو کەسانەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری ناکەن دوژمنی ئیسلام و کۆماری ئیسلامین"، بەڵام خۆی باش دەزانێ کە ئەم جۆرە هەڕەشانە، لەسەر بڕیاری خەڵک بۆ بەشداری نەکردنیان لەم گاڵتەجاڕییە کاریگەرنییە. لەم ڕووەوە ئەمجارە بێشەرمانە و فریوکارانە دەیهەوێ قەیرانی ئابووری و ژیان و گوزەرانی سەختی کرێکاران و جەماوەری بێبەش بە بەشداری نەکردنیان لە هەڵبژاردنەکان پەیوەند بدات و خەڵک بە تاوانبار و هۆکاری ئەم وەزعە قەیراناوییە پێناسە بکات. خامنەیی میدیاکانی سەربە دوژمنیشی بە خەتابار وەسف کرد کە "کەموکوڕی و سەختییە ئابوورییەکان لەقاو دەدەن".

بێگومان خامنەیی سەبارەت بە هۆکاری ڕاستەقینەی قەیرانەکان و بەتایبەت قەیرانی ئابووری، خۆی لە نەزانی دەدات. ئەگینا باش دەزانێ کە هۆکاری پەرەسەندنی ئەم قەیرانانە بێجگەلە قەیرانی پێکهاتەیی سەرمایەداری، ڕیشەی لە هۆکارەکانی دیکەدایە. بۆ نموونە پێکهاتەی سیاسی ئایدیۆلۆژی و ئیداری حکوومەتی خودی کۆماری ئیسلامی. پێکهاتەی دیکتاتۆری کە تێیدا باندی مافیای سپای پاسداران و دەزگای ڕووحانیەت دەستیان بەسەر ٨٠ لەسەدی ئابووریی ئێراندا گرتووە و بە هیچ کەسیش وەڵامدەرەوە نین. پێکهاتەیەک کە تێیدا هەموو ڕۆژێ پەروەندەی گەندەڵی و دزی و ئیختلاسی دەیان و سەدان هەزار ملیاردی مەسئوولان و کاربەدەستان و دەست و پێوەندەکانی ئەم نیزامە گەندەڵە ئاشکرا دەبێت. پێکهاتەیەک کە سیاسەتی دەخاڵەتگەری لە ناوەندە قەیراناوییەکانی ناوچەکە یەکێک لە ستراتێژییەکانی مانەوەی ڕژیم بووە و ئەم سیاسەتە نەتەنها هەزینەی کەلانی بەسەر سفرەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا سەپاندووە بەڵکوو بووەتە هۆی کوشتار و وێرانی و ئاوارەیی سەدان هەزار کەس لە وڵاتانی ناوچەکە. گەمارۆی ئابووریش کە دەیان ساڵە بووەتە یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و هەژاری و برسیەتی زیاتری خەڵک، لە ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە زێدەخوازانە و دەخاڵەتگەرانەیەی کۆماری ئیسلامییە. لەڕاستیدا ئەم هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و پەرەسەندنی هەژاری و برسیەتی خەڵکی ئێران. نەک وەک خامنەیی دەڵێ "بەشداری نەکردنی خەڵک" لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنە فەرمایشییەکاندا.

هەڵبەت نەبوونی تەمایول و هۆگرایەتیی خەڵک بۆ بەشداری کردن لە مەراسیم و بەرنامە و بۆنەکانی ڕژیمی ئیسلامی و بۆشایی قووڵی نێوان جەماوەری خەڵک و حکوومەتی ئیسلامی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش قووڵتر دەبێتەوە، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. وە بێگومان



ئەمەش خۆی یەکێک لە ئاکامەکانی بنبەست و وەرشکستەیی ئابووری و سیاسەتی سەرکوتکەرانە و دژەئینسانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە. چاوەڕوانی خامنەیی بۆ بەشداریکردنی خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردنی ڕژیم بەتایبەت دوای ئاخێزەکانی ساڵی ٩٦هەتا ئێستا، دوای کوشتار و سەرکوتی وەحشیانەی خەڵک لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژیم، بەڕاستی چاوەڕوانییەکی بێشەرمانەیە. درێژەی سەرکوتی مانگرتنە کرێکارییەکان تەنها بەخاتری ئەوەیکە خوازیاری ژیانێکی شیاوی ئینسانن، هەڵسووکەوتی سەرکوتگەرانە بەدژی ناڕەزایەتییەکانی خوێندکاران، مامۆستایان و خانەنشینان، ئەزیەت و ئازار و لێدانی وەحشیانەی شەلاق و ئەشکەنجەی ژنان بەتاوانی قەبوولنەکردنی حیجابی ئیجباری، ئەم هێمایەی تەحقیر و بێمافی ژن لەلایەن حکوومەتی ئیسلامی، هەر هەموویان نیشانەی هەڵسووکەوتی دوژمنانەی کۆماری ئیسلامی لەدژی ئەوان و هەموو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگایە.

کردەوە و سیاسەتی زیاتر لە چوار دەیەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی بۆشایی مەزن و دوژمنایەتی توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر ڕژیمی ئیسلامی و دەسەڵاتی دینی. بۆشاییەک کە زۆرێک لە کارگێرانی ڕژیم لەئاستە جۆراوجۆرەکاندا دانیان پێداناوە. ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی مانگی بەفرانبار جێگری بەناو کلتووری و کۆمەڵایەتی سپای پاسداران دانی بەوە دانا کە: «هەڵبژاردنەکانی ئێمە هەر وەکوو غەززە لە هەموو لایەکەوە لەلایەن دوژمنەوە گەمارۆ دراوە. فەزای مەجازی لە ئیختیار دوژمنانداییە و خەڵکیش زۆر هۆگری تەماشاکردنی تەلەفیزیۆنی حکوومەت نین". ئەم پاسدارە نەفامە دەست بە داوێنی بەسیجییە مەنفوورەکان دەبێت و داوای لێکردن کە بۆ تەبلیغ و ملهوڕیکردن

لەسەرشەقامەکان بڕۆنە ناو خەڵکەوە. چەند مانگ لەمەوبەریش نووری هەمەدانی، لە مەراجعی تەقلید، ئیعترافی کرد کە: « بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بەدەستمان گەیشتووە مزگەوتەکان ڕوو بە چۆڵ بوون دەچن. خەڵک تەنانەت بۆ نوێژکردنیش ناچنە مزگەوت. بۆچی وای لێهاتووە؟». خامنەیی بۆ پاساوکردنی وەها دۆخێک وتی: «سیاسەتی ستراتێژیکی دوژمن بردنەدەری خەڵک لە مەیدانە. هەرکات توانیویانە بەربە بەشداری و هاتنە مەیدانی خەڵک بگرن، دوژمن سەرکەوتووە». بەڵام لەڕاستیدا تەنها بژاردەی خامنەیی بۆ درێژەدانی پێگەی خۆی و دەسەڵاتەکەی هێزی سەرکوتی حکوومەتییە. لەم ڕووەوە خامنەیی لە وتارەکەی ئەم دوایانەیدا وێڕای تاریفکردن و پێهەڵکوتن بە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژیم وتی: «زۆرێک لە کێشەکانی کۆماری ئیسلامی بە یارمەتیی ئەم کەسانە چارەسەر کراوە». هەروەها بۆ دیفاع لە ڕەئیسی قاتڵ وێڕای ئیعتراف بە بوونی قەیران و کێشەی ئابووری هۆشداری دا کە "نابێ بڕێزی پێ بکرێت. ئەوە دەوڵەتەکانی پێشوو بوون کە کێشەی ئابووریان پێکهێنا و سیاسەتە پەسەندکراوەکانیان بەتەواوی بەڕێوەنەبرد و ئەوەیکە کردیشیان نیوەی بە گەندەڵ دەرچوو".

بەڵام بێگومان جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران لەئاست سرووشتی سەرمایەدارانە و دژەئینسانی کۆماری ئیسلامی هیچ تەوەهوم و خۆشباوەڕییەکیان نییە. باش دەزانن کە هەتا ئەم ڕژیمە لەسەر کار بێت ئاسۆیەک بۆ ڕزگاربوون لە هەژاری و نەهامەتی و سەرکوت و هەڵاواردن و بێمافی بوونی نییە. ئەوەیکە چارەنووسسازە درێژەی مانگرتنە کرێکارییەکان بەتایبەت لە ناوەندە سەنعەتییە سەرەکییەکان و ناڕەزایەتی سەرانسەری و سازماندان و پێکهێنانی ڕێبەریی سەرانسەرییە کە دەتوانێ بە هێزی ڕێکخراو و سازماندراو پێداویستییەکانی ڕیشەکێشکردنی ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداران ئامادە بکات

***

## ماشێنی ئێعدام و قەتڵ و جەنایەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پێویستە ڕابگیرێن

لەم ڕۆژانەدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدامی موجاهد کورکور، موحسین مەزلووم، محەممەد فەرامەرزی، وەفا ئازەربار و پێژمان فاتحی و ژمارەیەکی دیکە لە بەندکراوانی سیاسی خۆی ئامادە کردووە. بە بنەماڵەی موجاهد کورکوریان ڕاگەیاندووە کە لقی ٣٩ی دیوانی باڵای ڕژیمی ئیسلامی مەحکوومیەت و حوکمی ئێعدامی ئەوی تەئید کردووە. عەباس کورکوری، ناسراو بە موجاهد کورکور، کە زیاتر لە یەک ساڵە لە ژووری تاکەکەسی و لەژێر ئەشکەنجەدایە، ٩٢ی مانگی سەرماوەزی ١٤٠١، واتە ٣٤ ڕۆژ دوای کوژرانی کیان پیرفەلەک، منداڵی ٩ی ساڵەی خەڵکی ئیزە لە گوندی "پەر سوراخ" لە هێرشی هاوبەشی "وەزارەتی ئیتلاعات، سپای وەلی عەسری ئۆستانی خووزستان و فەراجا"دا دەستبەسەرکرا. کاربەدەستانی ئەمنیەتی و قەزایی ڕژیمی ئیسلامی سەرەڕای ئەوەیکە دایک و باوکی کیان بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە کە هێزە لیباس شەخسییەکانی ڕژیمی ئیسلامی تەقەیان لە ماشێنەکەیان کردووە، موجاهید کورکوریان بە قەتڵی کیان پیرفەلەک تۆمەتبار کردووە. کاربەدەستانی ئەمنیەتی ڕژیم موجاهد کورکوریان لە دەستراگەیشتن بە پارێزەری هەڵبژێردراو بێبەری کردووە و لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافیان لێ وەرگرتووە. نیگار کورکور، خوشکی موجاهد لە گرتە ڤیدیۆیەکدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وتی: "تکایە ببنە دەنگی براکەم. براکەم بێتاوانە".



بەپێی ڕاپۆرتێکی دیکە موحسین مەزلوومی ٢٧ ساڵ تەمەن و خەڵکی مەهاباد، محەممەد فەرامەرزی ٢٨ ساڵ تەمەن و خەڵکی دێگولان، وەفا ئازەربار ٢٦ ساڵ تەمەن و خەڵکی بۆکان، پێژمان فاتحی ٢٨ساڵ تەمەن و خەڵکی کامیاران، لەلایەن لقی ٢٦ی دادگای دژشۆڕشی ئیسلامی تارانەوە بە ئێعدام مەحکووم کراون. ئەم حوکمە لەلایەن لقی ٩ی دیوانی باڵای ڕژیمەوە تەئید کراوە. ئەم چوار بەندکراوە بەبێ دەستڕاگەیشتن بە لانیکەمی مافەکانی تۆمەتبارێکی سیاسی، زیاتر لە یەک ساڵ و پێنج مانگە لە ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا ڕاگیراون و خراونەتە ژێر هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی جەستەیی و دەروونی. ئەگەرچی کەناڵی تەلەڤیزیۆنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، ئیعترافی ئیجباری ئەم چوار زیندانییەی چەندین جار بڵاوکردووەتەوە، بەڵام پارێزەری ئەوان هەتا ئێستا دەستی بە پەروەندەکەیان ڕانەگەیشتووە. خانەوادەکانی ئەم چوار بەندکراوە لەم ماوەیەدا نەتەنها لە چاوپێکەوتنی حزووری و یان پەیوەندی تەلەفونی بێبەری کراون، بەڵکوو هیچ زانیارییەکیشیان لە چارەنووس و شوێنی ڕاگرتنیان نییە. کاربەدەستانی ئەمنیەتی ڕژیمی ئیسلامی ئەوانیان بە هەوڵدان بۆ "تەقاندنەوەی دامەزراوە سەنعەتییەکانی ئیسفەهان" تۆمەتبار کردووە و لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافیان لێ وەرگرتوون.

ئەحکامی ئێعدامی ئەم بەندکراوە سیاسییانە و شەپۆلی ئەو ئێعدامانە کە ڕژیم خستوویەتە ڕێ بەر لەوەیکە ئەحکامی یاسایی لەدژی ئەوان بێت، ئەحکامی سیاسین و لەڕاستیدا ڕژیم بە کوشتنی ئەوان کرێکاران و جەماوەری ناڕازی ئێرانی کردووەتە نیشانە تا لەم ڕێگەوە چاوترسێنیان بکات. هێرشی جەنایەتکارانەی داعش لە کرمان بووەتە دەرفەتێک بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تا بە مەزلووم نەمایی، خۆی وەک قوربانی تیرۆریزم نیشان بدات و بەم بیانووەوە شەپۆلی ئێعدامکردنی بەندکراوان خێراتر بکات و فەزای سەرکوت لە کۆمەڵگادا پەرەپێبدات. بەڵام سەرانی خوێنڕێژی ڕژیمی ئیسلامی دەبێ بزانن کە ئەمڕۆ ئیتر ساڵەکانی دەیەی شەست نییە کە لە خەفادا هەزاران زیندانی سیاسی بە جوخەی ئێعدام بسپێرن و بیانخەنە گۆڕە بێ ناو و نیشانەکانەوە. لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵگای ئێران سێ ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و سەرانسەری و هەزاران و مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری و جەماوەری ئەزموون کردووە. لە جەریانی ئەم ئاخێزانەدا ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێران شەقام و زانکۆ و مەدرەسە و کارخانە و تەنانەت مەراسیمی بەخاکسپاردنی گیان بەختکردووانیشیان کردووەتە سەنگەری دیفاع لە ئازادی و بەرابەری و سەنگەری خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی. جەماوەری ڕاپەڕیو بە کەمتر لە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی ڕازی نابن. لە وەها بارودۆخێکدا ڕژیم نەفامانە لەناو زیندانەکاندا لە گیانی بەندکراوانی سیاسی بەربووە تا بە خەیاڵی خۆی خەڵک لە دەرەوەی زیندانەکان چاوترسێن بکات. بێگومان ڕژیم بێ ئاکامبوونی ئەم سیاسەتە لەناو زیندانەکان، لە دەرەوەی زیندانەکان دەبینێت. ئەمجارەیان دروشمی زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت بەهێزتر لە ڕابردوو لە بەرامبەر زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی ڕژیمدا داوا بکرێت. چونکە هیچکام لە ڕژیمە دیکتاتۆرەکان بە درێژایی مێژوو نەیانتوانیوە تەنها بە سەرکوت درێژە بە دەسەڵاتیان بدەن. هەموو نیشانەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ڕەوتی نافەرمانی لە ناو ڕێزەکانی هێزی سەرکوتکەری ڕژیمدا دەستیپێکردووە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا کە لە قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسیدا دەست و پێ لێدەدات، لەژێر گوشاری مانگرتنی کرێکاران، بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خانەنشینان و درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا هیچ پێگەیەکی لەناو بیروڕای گشتیدا نییە. لە وەها بارودۆخێکدا ئەم دەسەڵاتە تاوانکارە شمشێری لە ڕووەوە بەستووە و سات لە دوای سات جەنایەت دەخوڵقێنێت. ڕژیم بەنیازە لەوپەڕی داماویدا بە پەرەپێدانی کەشوهەوای ئەمنیەتی و ئێعدامی بەندکراوان، دەسەڵاتی ماشێنی سەرکوتەکەی بە ڕووی ئەو خەڵکەدا بکێشێت کە ترسیان لە دەسەڵات ڕژاوە و هاتوونەتە مەیدانی نەبەردەوە و بە کەمتر لە ڕووخاندنی ڕژیم ڕازی نین. نابێ بە ڕژیم ڕێگە بدرێت بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم ماشێنی کوشتاری بەندکراوان و تیرۆریزمی دەوڵەتی خێراتر بکاتەوە و بە ئەمنیەتی کردنی کەشوهەوای کۆمەڵگا، هێرش بکاتە سەر خەڵک. پێویستە ماشێنی کوشتاری ڕژیم ڕابگیرێت. پێویستە خەبات بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی و خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بکەینە بزووتنەوەیەکی مەزن و سەرتاسەری.

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە مەحکوومکردنی هێرشی تیرۆریستی کرمان

## نابێ ڕێگە بە ڕژیم بدرێ بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم فەزای سەرکوت پەرەپێبدات

بەپێی ڕاپۆرتەکان کاتژمێر ٣ و نیوی ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی مانگی بەفرانبار بەرابەر لەگەڵ ٣ی ژانویەی٢٠٢٤ لە جەریانی تەقینەوەی دوو بۆمب لە مەراسیمی حکوومەتی ساڵوەگەڕی کوژرانی قاسم سولەیمانی لە نزیکی مزگەوتی " صاحب الزمان" لە کرمان هەتا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ کەس گیانیان لەدەستداوە و سەدان کەسیش برینداربوون. ئۆستانداری ڕژیم لە کرمان وتوویەتی کە ئەم هێرشە تیرۆریستی بووە و محەممەد مۆخبێر جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری ڕژیمی ئیسلامی بەم وتەیە کە "دەست و پێوەندی ڕژیمی سەهیۆنیستی خوێنی هاووڵاتییانی بێتاوانیان ڕشتووە"، عەواملی دەوڵەتی ئیسرائیلی بە بەرپرسی ئەم هێرشە تیرۆریستییە ناساند. بەپێی ڕاپۆرتەکان بۆمبەکان لە دوو کیفی جێسازیکراو و بە کۆنترۆڵ لە ڕێگەی دوورەوە بە فاسلەی زەمانی ١٠ دەقیقە لەگەڵ یەکتر تەقیونەتەوە. پێویستە بوترێ کە لە ١٧ی مانگی بەفرانباری ١٣٩٨یشدا لە جەریانی مەراسیمی ناشتنی قاسم سولەیمانی لە کرمان، بەهۆی ئەوەیکە ناویان نا ئێزدحامی جەمعیەت، زیاتر لە ٥٠ کەس گیانیان لەدەستدا و سەدان کەسیش برینداربوون.

هێرشی تیرۆریستی کرمان و جەنایەتێک کە دژبە خەڵکی بێدیفاع ئەنجام دراوە چ لەلایەن سپای پاسدارانەوە بە ئامانجی سیاسی و بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی بەرنامەڕێژی بۆ کرابێ و چ لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕەوتە تیرۆریستە ڕەقیبەکانی دیکەی ڕژیمی ئیسلامی لە ناوچەکە ئەنجام درابێت، بەرپرسی ڕاستەوخۆی سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامین. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕەئسی یەکێک لە جەمسەرەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتی و تیرۆریزمی گرووپە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. ئەم هێرش و کوشتارەی خەڵکی بێدیفاع لە کرمان دوو رووی یەک دراون . یان ئیدامەی سەرکوتگەری، شەپۆلەکانی ئێعدام و تیرۆریزمی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوەوەی ئێرانە و یان ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی دەخاڵەتگەرانە و تیرۆریستی ئەم ڕژیمە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە قاسم سولەیمانی خۆی یەکێک لە میعمارەکانی بوو.

داڕێژەرانی سیاسەتی ستراتێژیکی "هێرشی بەرگرانە"ی ڕژیم لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە بزووتنەوەی فەلەستینیشدا، حەماس و جەهادی ئیسلامی و باقی گرووپە ئیسلامیەکانیان هانداوە تا ئەوان بە هاویشتنی مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەو ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر چنگی ئیسرائیل، بیانوو بدەنە دەست ئەو دەوڵەتە نەژاد پەرەستە و بەدەستی ئاواڵەترەوە درێژە بە کوشتاری خەڵکی فەلەستین و داگیرکارییەکانی بدات. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە ناردنی هەزاران کەس لە هێزەکانی بەسیج و سپای پاسداران بۆ سووریە و بە ڕاهێنان و پڕچەککردنی هەزاران میلیشیای شیعە کە لە وڵاتانی ئەفغانستان و پاکستانەوە بەکرێ گیرابوون، هاوئاراستە لەگەڵ هێزەکانی حیزبوڵڵای لۆبنان، هۆکاری سەرەکی کوشتار و وێرانی و ئاوارەیی لە سووریە و بەرەیەکی شەڕی نیابەتی بەرامبەر عەرەبستانی سعوودی و هاوپەیمانانی بوون. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانیکردن لە ئەحزاب و ڕەوتە شیعە مەزهەبییەکان لە عێراق و بە ڕێکخستن و پڕچەککردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیربوون و پێکهێنانی نائەمنی لەم وڵاتەیە. ئەم دەسەڵاتە بە یارمەتیدانی ماڵی و نیزامی هێزە جەنایەتکارەکانی تاڵەبان لە ئەفغانستان و گرووپی ئیسلامی حوسی لە یەمەن، لە هۆکارەکانی درێژەی شەڕی ناوخۆیی و کوشتنی خەڵکی بێتاوان لەم وڵاتانەیە. ئەگەر حکوومەتی کۆنەپەرستی عەرەبستانی سعوودی ساڵیانی ساڵ بە پشتیوانی ماڵی و نیزامی لە گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی وەک ئەلقاعیدە، داعش و بەرەی نوسرە و هیتر، بە پەرەپێدانی شەڕ و نائەمنی لە وڵاتانی ناوچەکە هەوڵی داوە ئەمنیەتی بنەماڵەی تاوانکاری ئالی سعوود بپارێزێ، ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش بەردەوام یەکێک لە "شانازییەکانی" ئەوە بووە کە بە شەڕ لە دەرەوەی سنوورەکان ئەمنیەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ناوەوەی سنوورەکان زەمانەت کردووە. سیاسەتی دەرەوە و لەڕاستیدا سیاسەتی تیرۆریستی و دەخاڵەتگەرانەی ڕژیمی ئیسلامی لەئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیدامەی مەنتقی سیاسەتی ئەم ڕژیمە لە ناوەوەی ئێرانە. دەسەڵاتێک کە هەژاری و نەهامەتی و بێکاری و نائەمنی بەسەر زۆربەی خەڵکی ئێراندا سەپاندووە و ژنانی خستووتە بەندی یاسای هەڵاواردنی ڕەگەزییەوە، ڕژێمێک کە ئێعدامی هەزاران بەندکراو، قەتڵە زنجیرەییەکان، زیندانی کردن و ئەشکەنجەدانی نەیاران و تیرۆرکردنی سەدان کەس لە دژبەرانی سیاسی و سەرکوتی خوێناوی ئاخێزە شۆرشگێرانەکانی لە کارنامەدایە، لە دەرەوەی سنوورەکانیش ناتوانێ بێجگەلە تیرۆر و کوشتن و پێکهێنانی نائەمنی، دیارییەکی دیکەی بۆ خەڵکی ناوچەکە هەبێت.

هێرشی تیرۆریستی کرمان بووەتە دەرفەتێک بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تا بە مەزلووم نەمایی، خۆی وەک قوربانی تیرۆریزم نیشان بدات و بەم بیانووەوە شەپۆلی ئێعدامکردنی بەندکراوان خێراتر بکات و فەزای سەرکوت لە کۆمەڵگادا پەرەپێبدات. نابێ بە ڕژیم ڕێگە بدرێت بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم ماشێنی کوشتاری بەندکراوان خێراتر بکاتەوە و بە ئەمنیەتی کردنی کەشوهەوای کۆمەڵگا، هێرش بکاتە سەر خەڵک. پێویستە ماشێنی کوشتاری ڕژیم ڕابگیرێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٨دا بە هات و هاواری تەبلیغاتی و بە نیشاندانی تابووتەکان و بە قارەمانسازی لە قاسم سولەیمانی تیرۆریست بەبیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڕەشەی جەنگی ئەمریکا لەڕاستیدا بزووتنەوەی دادخوازی کۆمەڵانی خەڵکی کردە نیشانە کە بەدژی جەنایاتی ڕژیم لە جەریانی ئاخێزی شۆڕشگێرانەی خەزڵوەری ٩٨ هاتبووە مەیدان. ئەمجاریش سەران و فەرماندەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە هەوڵ بۆ ئەمنیەتی کردنی زیاتری فەزای کۆمەڵگا لەڕاستیدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و بەردەوامبوونی کردووەتە نیشانە.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هێرشی تیرۆریستی کرمان لێبڕاوانە مەحکووم دەکات و پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی کەسوکاری قوربانییانی بێدیفاعی ئەم ڕووداوە دەکات. حیزبی کۆمۆنیست، عەمەلیاتی تیرۆریستی کرمان بە بەرهەمی ڕاستەوخۆی سەرکوتکەری و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە ناوەوەی ئێران و بە بەرهەمی سیاسەتی دەخاڵەتگەرانە و تیرۆریستی ئەم ڕژیمە لەئاستی ناوچەکە دەزانێت. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی ئێران تەنها لە ڕێگەی پەرەپێدان بە مانگرتن و خەباتی مافخوازانەی خۆیان، بە پەرەپێدانی خەبات بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و بە فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە لە جەرگەی خەباتی ئێستادا دەتوانن لە تیرۆریزەکردن و نائەمنکردنی فەزای کۆمەڵگا ڕێگری بکەن و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی برووخێنن.

برووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٣ی بەفرانباری ١٤٠٢ی هەتاوی

٣ی ژانویەی٢٠٢٤ی زایینی

***

# ڕژیمی ئیسلامی بە شەپۆلی ئێعدامەکان ناتوانێ ترسی خۆی بشارێتەوە

لەماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا ٢٢ بەندکراوی تر لە ژێرناوی جۆراوجۆر لە زیندانەکانی ئێران لە لایەن ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کراون. بەپێی ڕاپۆرتەکانی هەنگاو و "هرانا" ئۆرگانی هەواڵنێریی مافی مرۆڤ لە ئێران، ڕۆژی دووشەممە ١١ی مانگی بەفرانبار لە یەکەمین ڕۆژی ساڵی نوێی زایینیدا خوێنڕێژانی ڕژیمی ئیسلامی لە زیندانی ناوەندی کەرەج، پێنج کەسیان ئێعدام کردووە. ڕۆژێک پێشتریش شەش بەندکراوی دیکەیان لە زیندانی بیرجەند و کەسێکی تریان لە زیندانی عادڵ ئابادی شیراز ئێعدام کردبوو. ڕۆژی شەممە ٩ی مانگی بەفرانبار لە زیندانی قزڵ حەسار بەندکراوێکی دیکەی دانیشتووی ئیلامیان ئێعدام کرد. بەپێی ڕاپۆرتی هرانا ڕۆژی هەینیش ڕژیمی ئیسلامی دوو بەندکراوی دیکەی لە زیندانی




مشکین شار ئێعدام کرد و ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی مانگی بەفرانبار جەلادانی کۆماری ئیسلامی سێ کەسی دیکەیان لە کاشان، بەندەرعەباس و یەزد ئێعدام کرد. بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی "حال وەش" بەرەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٦ی مانگی بەفرانبار چوار بەندکراوی دیکە لەوانە سێ ژن لە زیندانی بیرجەند لەلایەن ماشێنی کوشتاری ڕژیمەوە ئێعدام کران.

ئێعدامی ئەم ئینسانە بێدیفاعانە لە سیاچاڵەکانی ڕژیم دوای موحاکماتی ساختە و لە بارودۆخێکدا بەڕێوەچووە کە بە ئیعترافی هێندێک لە کاربەدەستانی قەزایی ڕژیم، ژمارەیەک لە ئێعدامکراوەکان چەندین جار داوای پێداچوونەوەی حوکمی دادگایان کردبوو بەڵام داواکارییەکەیان لەلایەن دیوانی باڵای ڕژیمەوە ڕەت کرابووەوە. بێگومان ڕژیمی ئیسلامی بە ئامانجی پەرەپێدان بە فەزای ئەمنیەتی و ترساندنی کۆمەڵگا ئەم شەپۆلەی ئێعدام، کە هێندێکیان لەبەرچاوی خەڵک بەڕێوەدەچێت، خستوویەتە ڕێ. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ناوەندی ئاماری کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤی "هەنگاو" ڕژیمی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٢٣دا کە لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا کۆتایی هات، لانیکەم ٨٢٣ بەندکراو کە پێنجیان لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا تەمەنیان لە ژێر ١٨ساڵ بووە، ئێعدام کردووە. بێجگەلە ئەم ئێعدامانە، ڕژیمی ئیسلامی لەماوەی ساڵی ڕابردوودا لە دادگا فەرمایشییەکانیدا بۆ ١٥٥ بەندکراوی دیکە حوکمی ئێعدامی دەرکردووە کە هێشتا جێبەجێ نەکراون. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە حوکمی ژمارەیەک لە بەندکراوانی ئێعدامکراو لەم دەورەیەدا تەنانەت بە بێ چاوپێکەوتنی کۆتایی لەگەڵ بنەماڵەکانیان بەڕێوەچووە و هەواڵی ئێعدامکردنیان لەلایەن بەرپرسانی زنیدان و ناوەندە پەیوەندیدارەکانەوە ڕانەگەیەندراوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی هرانا "حوکمی ئێعدامی ژمارەیەکی دیکە لە بەندکراوانی سیاسی لەوانە موجاهد کورکوری و ڕەزا ڕەسایی، لە دەستبەسەرکراوانی ئیعتڕازاتی سەراسەری، بەمەبەستی جێبەجێکردنی حوکم بۆ لقەکانی ئیجرای ئەحکامی ئێعدام ڕەوانە کراون". حوکمی ئێعدامی ئەم ئینسانانە بەپێی تۆمەتی بێبنەما و درۆی دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕژیم کە بەسەر دادگاکاندا دیکتە دەکرێ، دەرکراوە. تۆمەتی ساختەی وەک "تەقەکردن بەرەو قوربانیانی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان لەوانە (کیان پیر فەلەک)، بەرپرسیار بوون لە بریندارکردنی بە ئەنقەست و قودرەت نەمایی و تێکدانی نەزمی گشتی لە ڕێگەی ئاژاوەنانەوە" و هیتر.

ئاماری ئێعدام لە ساڵی ڕابردووی زایینی لەچاو ژمارەی ئێعدامەکانی ساڵی٢٠٢٢،نیشان دەدات کە بەرێژەی ٤١ لەسەدا بەرزبووتەوە . لە حاڵێکدا کە ژمارەی ئێعدامکراوان لە ساڵی ٢٠٢١ لە ئێران ٣١٤ کەس بوو، لە ساڵی ٢٠٢٢ دا گەیشتە ٥٨٢کەس و لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەم ژمارەیە بۆ ٨٢٣کەس بەرز بووەتەوە. پەرەپێدانی ئێعدام و بەڕێوەبردنی ٦ ئێعدام لەبەرچاوی خەڵک بەڕوونی نیشانی دەدات کە دەرکردنی ئەحکامی ئێعدام لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا پەیوەندییەکی بە بواری یاسایی و قەزاییەوە نییە. بەڵکوو کردەوەیەکی سیاسییە بۆ پێکهێنانی فەزای ترس و تۆقاندن و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی قۆناغێکی دیکە لە ناڕەزایەتییەکانی شەقام. کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتیدا هەرکات بەرەوڕووی قەیرانی سیاسی و ئابووری و شکست و ناکامی لە سیاسەتە سەرەکییەکانی بووتەوە، بەئامانجی پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەرجۆرە دەنگێکی ناڕەزایەتی لە کۆمەڵگا، دەستی بردووە بۆ ئێعدامی بەکۆمەڵی بەندکراوان، تا لەم ڕێگەوە درێژە بە دەسەڵاتە دژەئینسانییەکەی بدات. کردەوەی جەنایەتکارانەی ئێعدام لەلایەن ئەم دەسەڵاتە، کە لە دەستپێکی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەری لە ساڵی ڕابردووەوە بۆ جارێکی تر پەرەی پێداوە، هەوڵێکی دیکەیە بۆ خۆدەربازکردن لە تووڕەیی و ناڕەزایەتی جەماوەری ستەمدیدەی ئێران لەدژی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی چەوسێنەری کۆماری ئیسلامی.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا درێژە و پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری، چوونەسەری ڕێژەی تەوەرۆم، گرانی و هاتنەخواری زیاتری توانای کڕینی خەڵک، ژیان و گوزەرانی ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاران و خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگای بەرەوڕووی هەژاری و برسیەتی کردووتەوە. پەرەسەندنی مانگرتنە کرێکارییەکان بۆ نموونە مانگرتنی شکۆداری کرێکارانی فوولاد لەم ماوەیەدا، درێژەی ناڕەزایەتی کرێکارانی نەوت و گاز و پێترۆشیمی، یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتی خانەنشینان، ناڕەزایەتی خوێندکاران و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا، ئاشکرابوونی پەروەندەی دزی و گەندەڵی سەدان ملیارد تمەنی بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕژیم، ئاکامەکانی سیاسەتی کارەساتباری دەستوەردان نیزامی ڕژیمی ئیسلامی لە ناوەندە قەیراناوییەکانی ناوچەکە بەتایبەت لە بارودۆخی هەستیار و مەترسیداری ئێستادا، ئەو زەمینانەن کە ڕێبەرانی حکوومەتی ئیسلامی لە سەرهەڵدانی قۆناغێکی دیکە لە ناڕەزایەتی شەقام نیگەران کردووە. سیاسەتی پەرەپێدانی ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی لە وەها بارودۆخێکدا هەوڵێکی بێهوودەی ڕژیمە بۆ ڕێگریکردن لە گەشەی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی جەماوەری لەدژی حکوومەتی ئیسلامی.

بەڵام هەروەک ئەزموونی سێ ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و سەرانسەری لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوو و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان نیشانیان داوە شەپۆلی ئێعدام و پەرەپێدانی سەرکوت نەیتوانیوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات و کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە بەدواداچوونی خواستەکانیان پاشگەز بکاتەوە. بێگومان مانگرتن و ئیعتڕازاتی ڕۆژانەی کرێکاران، خانەنشینان، مامۆستایان، ژنانی ئازادیخواز و توێژە بێبەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەرینتر و بەهێزتر درێژەی دەبێت. لە جەرگەی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکاندا بواری ڕێکخستن و ڕێبەری تەقویەت دەبێت و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا لەم ڕەوتەدا پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی فەراهەم دەکەن.

❊❊❊

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان:

## لەدژی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن و ئێعدامی ڕژیم بوەستین!

قۆناغی تازەی ئەحکامی فەلەیی ئێعدامی جەوانان و نەیارانی سیاسی کۆماری ئیسلامی پێویستە بەرەوڕووی ناڕەزایەتی خەڵکی ئازادیخواز لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بێتەوە. ڕژیمی سەرکوتکەر و جەنایەتکاری ئیسلامی ٤٤ ساڵە ئەم تاکتیکە دژەئینسانییە بۆ پێکهێنانی ترس و تۆقاندن لەئاستی کۆمەڵگا بەکار دەهێنێ. دەسەڵاتی ئیسلامی لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بێجگەلە ڕاگەیاندنی ئەحکامی ئێعدام بۆ بەندکراوان ڕەزا ڕەسایی و موجاهد کوکور، شمشێری کوشتاری لەسەر چوار بەندکراوی سیاسی کوردستان، مەحموود فەرامەرزی، وەفا ئازەربار، پژمان فاتحی و موحسین مەزلووم ڕاگرتووە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژمارەیەکی زیاتر لە بێدادگاکانی ئەم ڕژیمە سەرکوتکەرەدا حوکمی هاوشێوە چاوەڕوانیان دەکات.

سەرانی تاوانکاری ڕژیمی ئیسلامی لە حاڵێکدا کە خۆیان و ڕژیمەکەیان لە ئەنواعی قەیراندا گیرۆدەن هێشتا لەو باوەڕەدان

کە بە پەرەپێدانی فەزای ترس و وەحشەت دەتوانن ماشێنی کوشتارەکەیان لە ئاگری تووڕەیی خەڵکی وەگیانهاتوو دەرباز بکەن. بەڵام خۆشیان ئەوە دەزانن کە سیاسەتی کوشتار و زەبروزەنگ چیتر کاریگەر نییە. ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ کە پایەکانی ڕژیمی سەرکوتکەری خستە لەرزە و بە خەباتی ڕۆژانەی مامۆستایان و خانەنشینان و مانگرتنی شکۆداری چینی کرێکار هەروا درێژەی هەیە، ڕۆڵێکی گرینگی لە ڕووبەڕووبوونەوەی بوێرانە و بێباکانەی خەڵکی ئازادیخواز لەدژی ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی هەبوو. تا ئاستێک کە ڕیزی سەرکوتکەرانی دەسەڵاتی تووشی ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی و لێکترازان کرد.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە پێویستە لە بەرامبەر قۆناغی نوێی هەڕەشەی جەنایەتکارانەی ڕژیم بوەستین و ڕێگە نەدەین ڕژیمی ئیسلامی بیساتی قەتڵ و کوشتاری خۆی هەروا درێژە پێبدات. کردەوەی دزێوی ئێعدام کە کۆماری ئیسلامی لەئاستی دنیادا یەکێک لە بەڕێوەبەرانی چالاکیەتی، لەلایەن ملیاردها کەسی جیهانەوە مەحکووم دەکرێت و لەئاکامی نارەزایەتی خەڵکی ئازادیخواز لە زۆر شوێنی جیهان ئەم سزایە هەڵوەشاوەتەوە. بێگومان هەڵوەشاندنەوەی ئەم کردەوە دزێو و دژەئینسانییە یەکێک لە خواستە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێرانە.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، داوا لە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکات کە بۆ ڕێگریکردن لە ئێعدامی بەندکراوان و حوکمی ئێعدام و بۆ خونساکردنەوەی فەزای هەڕەشە و تۆقاندنی ڕژیم بە هەر شێوەیەک بۆیان دەگونجێ بێنە مەیدان. بە هاندانی بیروڕای گشتی و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان و دژی ئێعدام، بە فشار هێنان بۆ کۆماری ئیسلامی لەپێناو دەربازکردنی بەندکراوانی سیاسی تێبکۆشن. شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان هاوهەنگاو لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی دژبەری ئێعدام لە دەرەوەی وڵات بۆ بەرپاکردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی لەدژی ئەم ئەحکامە جەنایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

٢٢ی مانگی بەفرانباری ١٤٠٢ی هەتاوی

١٢ی ژانویەی٢٠٢٤ی زایینی

***

# قوربانیکردنی خوێندکاران لە مەراسیمی حکوومەتیدا

سێ ڕۆژ دوای دوو تەقینەوەی خۆکوژی لە مەسیری گۆڕستانی کرمان لە کۆبوونەوەی حکوومەتی بەبۆنەی ساڵڕۆژی کوژرانی قاسم سولەیمانی جەنایەتکار، ڕۆژی شەممە ١٦ی مانگی بەفرانبار، شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە سینفییەکانی مامۆستایان لە ڕاگەیاندنێکدا لەژێرناوی "خوێندکارانی کرمانی بوونەتە قوربانی سیاسەتی تەبلیغاتی ئامووزش و پەروەرش"، بڵاویکردەوە: "میدیاکانی سەربە سپای پاسداران بەر لە بەڕێوەچوونی ئەم مراسیمە باسیان لە ئوردوویەکی دانش ئامووزی دەکرد لەژێرناوی "زائیری بەهەشت لە کرمان". شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە سینفییەکانی مامۆستایان لە کەناڵی تێلێگرامی خۆیدا وێڕای ئاماژە بە تەبلیغاتی هەواڵنێرییە حکوومەتییەکان نووسی: "بەر لە بەڕێوەچوونی مەراسیمی ساڵڕۆژی قاسم سولەیمانی ئیدارەی گشتی ئامووزش و پەروەرشی ئوستانی کرمان مەدرەسەکانی ئەم ئۆستانەی لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا تەعتیل ڕاگەیاندبوو و بە بێ حزووری دایک و باوکی خوێندکاران، ئەوانی لەژێرناوی "ئوردووی دانش ئامووزی زائیری بەهەشت" بۆ مەراسیمی ساڵڕۆژی قاسم سولەیمانی بردبوو". بەداخەوە لەم دوو هێرشە تیرۆریستییەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک کوژران و بریندابوون.

کاربەدەستانی ئەمنیەتی و قەزایی ڕژیمی ئیسلامی لەم ماوەیەدا ئامار و بەیاناتی تاتەبایان لە ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی ئەم دوو تەقینەوەیە ڕاگەیاندووە. بەپێی دوایین ئاماری ڕژیم ٩٢ کەس لە جەریانی ئەم دوو تەقینەوە خوکوژییەدا کوژراون. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەمان ڕۆژ ڕایانگەیاند کە لە جەریانی ئەم دوو تەقینەوەیە ١٠٣کەس کوژراون و زیاتر لە ٢٨٠ کەس بریندابوون. بەڕێوەبەری گشتی ئامووزش و پەرورەرشی کرمانیش ئیعترافی کرد کە ٢٤ کەس لە کوژراوەکان خوێندکارانی قۆناغی دەبیرستان بوون. بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پزیشکی قانوونی کرمان، بەداخەوە نزیکەی یەک لەسەر سێی قوربانییانی ئەم جەنایەتە تیرۆریستییە خوێندکارانی مەدرەسەکان بوون. سەرۆکی ئورژانسی کرمان لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێریی ئیرنا، گیانبەختکردنی منداڵێکی تەمەن ٨ ساڵی ڕاگەیاند. ئەم قوربانییە بێدیفاعانە بەشێک لەو خوێندکارانە بوون کە بەپێی پلان و نەخشەی دەزگا تەبلیغاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامی و بە دەستووری وەزارەتی ئامووزش و پەروەرش، بە ئیجبار بۆ مەراسیمی حکوومەتی قاسم سولەیمانی تیرۆریست بردرابوون. بەم ئیعتبارە، مەسئوولی مەرگی ئەم منداڵانە و باقی قوربانییانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە ڕێبەران و کارگێڕانی کۆماری ئیسلامی، شەخسی عەلی خامنەیی و دەزگای ڕێبەریی سپای پاسدارانە.

سپای پاسداران و مەقاماتی قەزایی و ئەمنیەتیی ڕژیم هەروەک ڕابردوو و هاوشێوەی جەنایەتی چوار ساڵ لەمەوبەری بەردانەوەی فڕۆکەی ئۆکراینی، ئەمجارەش بە دانی ئاماری ناڕاست و ناتەبا دەستیان کردووە بە ڕێکخستنی سێناریۆی دڵخوازی خۆیان لەم جەنایەتە دڵتەزێنە. مەقاماتی ڕژیم دەستبەجێ ئەم تەقینەوەیان خستە ئەستوی ئیسرائیل ، بەڵام یەک ڕۆژ دواتر داعش بەرپرسایەتی ئەم دوو هێرشە خوکوژییەی گرتە ئەستۆ. هەروەها ڕۆژی شەممە ١٦ی مانگی بەفرانبار عەلی تەوەکولی سەرۆکی سازمانی قەزایی هێزە چەکدارەکانی کرمان لە کۆبوونەوەیەکی هەواڵنێراندا وتی: "لە پێشترەوە هەواڵ گەلێک لە هەڕەشەی دوژمن بە ئێمە گەیشتبوو و ١٦ بۆمبی ئامادەی تەقینەوە لە کرمان و زیاتر




لە ٦٤ بۆمبیش لە سەراسەری ئێران دۆزرابووەوە، کە تایبەتی بۆ گوڵزاری شوهەدا و قەبری قاسم سولەیمانی دروست کرابوون و قەرار بوو لە مەراسیمەکەدا بتەقێندرێنەوە. لەئێستادا تاوانباران دەستگیر کراون". بە ئیعترافی عەلی تەوەکولی هەموو دامودەزگا نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ڕژیم لە زۆر پێشترەوە بۆ مەراسیمی ساڵگەردی قاسم سولەیمانی ئامادەکارییان کردبوو. بێجگە لەمە ٥٠٠ کەسی تر لە هێزە ئەمنیەتییەکانی سپا لە ئۆستانەکانی دیکەوە بۆ بەرقەرارکردنی ئەمنیەتی ناوچەکە ڕەوانەی کرمان کرابوون. ئەم وتانە هەمان شەو لەلایەن دادستانی ئۆستانی کرمانیش لە وتووێژ لەگەڵ کەناڵی تەلەڤیزیۆنیی کرمان پشتڕاست کرایەوە. بەڵام لەو جێگەوە کە دەزگا ئەمنیەتییەکان ئەم وتانەیان بەپێچەوانەی سێناریۆکانی خۆیان و بە زیانی دەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامی دەبینی، کە بە زاهیر ئیدیعای "ئیقتدار و ئیشرافی ئەمنیەتی" بەسەر هەموو ئێران و تەنانەت ناوچەکەشدا دەکەن، ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی مانگی بەفرانبار سپای سارولڵا لە ڕاگەیاندنێکدا کە لە هەواڵنێریی فارس بڵاوکرایەوە، وتەکانی سەرۆکی هێزە چەکدارەکان و دادستانی کرمانی درۆ و دەنگۆ ناولێنا و ئیدیعای کرد کە ئەسڵەن دانانی بۆمب لەئارادا نەبووە.

ڕژیمی تاوانکار و داماوی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا گەلێک جار نیشانی داوە کە بۆ پێشخستنی ئامانجە سیاسییەکانی، لە ئەنجامدانی هیچ جەنایەتێک تەنانەت لە کایەکردن بە گیانی منداڵیش دەست ناپارێزێت. جەنایەتی دڵتەزێنی بەکارهێنانی منداڵان لەلایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە بۆ خونساکردنەوەی مەیدانەکانی مین لە ٨ ساڵ شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق هیچ کەس فەرامۆش ناکات. ئەوەیکە هەتا ئێستا

مەسئوولانی نیزامی و ئەمنیەتی و دەوڵەتی ڕژیم لە پێوەند لەگەڵ جەنایەتی کرمان تەحویلی خەڵکیان داوە، درۆ و شانتاژی "تۆڵەسەندنەوە" و دەستگیری بووە. سەلامی فەرماندەی سپا وتی: «تۆڵەی کوژراوەکان بەر لە شەهادەتیان سەندراوەتەوە». ئیبراهیم ڕەئیسی قاتڵ ڕۆژی هەینی دەستی کرد بە هەڵیت و پڵیت و وتی: «لەمبارەوە خەڵک دڵنیا و ئاگادار بن کە ئیبیتکاری عەمەل لەدەستی هێزە چەکدارەکانی ئێمەدایە و کات و شوێن دیاری دەکەن». وەزارەتی ئیتلاعات ئاماژەی بە دەستگیرکردنی ١٢ کەسی مەجهول لە شەش ئۆستان کرد. لە پەنا ئەم تەبلیغاتە درۆیینەوە، دەزگا ئەمنیەتییەکان دەستیان کردووە بە هەڕەشە و دەستگیرکردنی خەڵکی ناڕازی و داخستنی ئەکاونتی کەسانێک کە لەمبارەوە لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەخنە لە ڕژیم دەگرن.

ئەم هێرشە تیرۆریستییەی داعش، ئاکام و دەرئەنجامی سیاسەت و کردەوەی تیرۆریستی و دژەئینسانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێرانە. ئاکامی بێتوانایی و داماوبوونیەتی لە دابینکردنی ئەمنیەتی مەراسیمە حکوومەتییەکان کە بەداخەوە دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ دەچێتە چاوی خەڵکی ستەمدیدەی ئێرانەوە. حکوومەتی زەلیل وداماوی کۆماری ئیسلامی لە سەروبەندی شانۆی هەڵبژاردنەکانیدا دەیهەوێ لەم عەمەلیاتە تیرۆریستییە بۆ مەزلووم نمایی و بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە ئەوزاعی فەلاکەتباری ژیان و جەنایاتێک کە خۆی بەدژی خەڵکی ئێران ئەنجامی داوە و بۆ پەرەپێدان بە فەزای ئەمنیەتی لەناو کۆمەڵگا کەڵکی لێ وەربگرێ. بەڵام بێگومان جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بە ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئەم ئیجازەیە نادەن.

***

## بە ناڕەزایەتیی یەکگرتووانە و سەرانسەری بەندکراوانی سیاسی لە مەترسی ئێعدام ڕزگار بکەین

ماشێنی کوشتاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خێراتر بووەتەوە. لەئێستادا بەندکراوانی سیاسی موجاهد کورکور، موحسین مەزلووم، محەممەد فەرامەرزی، وەفا ئازەربار،




پژمان فاتحی و دەیان بەندکراوی دیکە مەترسی ئێعدامیان لەسەرە. سزای ئێعدام وەک کوشتنی ئەنقەستی دەوڵەتی و تاوانێکی ڕێکخراو هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستا یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە و یەکێک لە ئامرازەکانی بۆ لەناوبردنی نەیارانی سیاسی و چاوترسێن کردنی خەڵک بووە. بەڵام ئەمجارە سەرانی ڕژیم بە ئاشکرا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتنی کرێکاران و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگا ئەم شەپۆلەی ئێعدامیان خستووەتە ڕێ.

لە باروودۆخی ئێستادا تەنها بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر زیندانەکان لە سەرانسەری ئێران و بەرپاکردنی هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی لە دەرەوەی وڵات، دژبە ئەحکامی ئێعدام و بۆ ئازادیی بەندکراوانی سیاسی، دەتوانێ بەر بە درێژەی شەپۆلی ئێعدام، بەربە زیندانی کردنی تێکۆشەرانی سیاسی و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بگرێت و پاشەکشە بە ڕژیم بکات. خەباتی سەرکەوتووانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەحکامی ئێعدام و بۆ ئازادیی بەندکراوانی سیاسی لە هەلومەرجی سیاسی ئێستادا دەتوانێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا چەند هەنگاو بەرەوپێش بەرێت.

سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە

بەندکراوی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

***

## سەرجەم بەندکراوانی سیاسی بێ هیچ شەرت و مەرج و جیاوازییەک دەبێ ئازاد بکرێن!

هیچ کەس نابێ بەتاوانی خەبات بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی خۆی، بەتاوانی ناڕەزایەتی دژبە فەلاکەت و ستەمکاری، بەتاوانی هەبوونی بیروباوەڕی جیاواز و ئەنجامدانی چالاکی سیاسی دەستبەسەر و زیندانی بکرێت. ئەگەر قەرار بێت کەسێک بکەوێتە گۆشەی زیندانەکان، هۆکار و خوڵقێنەرانی باروودۆخی ئێستایە کە دەبێ زیندانی بکرێن، واتە هەر ئەوانەی کە ڕۆڵەکانی خەڵک دەخەنە زیندان و ئەشکەنجەیان دەکەن. هەر ئەوانەی کە جگەرگۆشەکانی خەڵک دەکووژن و لە گۆڕە بێ ناو و نیشانەکاندا دەیانێژن. هەر ئەوانەی کە سەروەتی کۆمەڵگە تالان دەکەن و باری گرانی ڕەنج و بێبەشی و بێ مافییان خستووەتە سەر شانی خەڵک.

ئێمە دەڵێین دەبێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسی، ئازادی چالاکی سیاسی و پێکهێنانی حیزب، ئازادی بیرو باوەڕ و تەبلیغ کردنی، ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی، ئازادی کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، مانگرتن، و ئازادی پێکهێنانی شوڕا و سەندیکا و هەموو جۆرە ڕێکخراوێکی پیشەیی و سیاسی دیکە، بەهرەمەند بن.




کرێکاران، خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!

هەروەک مرۆڤی شیاوی ئازادی و بەرابەری، قورس و قایم و بەبێ دوودڵی لەم مافانەی خۆتان دیفاع بکەن! لە بەرامبەر دەستدرێژی پۆلیسی حکوومەتی جەنایەتکاراندا ڕاوەستن و دەنگی ناڕەزایەتی دژبە پێشێلکردنی ئەم مافە ڕەوا ئینسانییانە بەرزتر بکەنەوە.

بیساتی ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی، ئەم حکوومەتەی تیرۆر، زیندان و ئەشکەنجە، دەبێ بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئێوە لەم وڵاتە ڕیشەکێش بکرێ و لە دوارۆژی سەرکەوتندا، ئازادی بێشەرت و مەرجی سیاسی وەک بەشێک لە جاڕنامەی شۆڕش، لەلایەن هێزی ڕاپەڕیوەوە لە سەرانسەری وڵات ڕاگەیەندرێت و بەکردەوە دەربێت.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کاریگەری

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

***



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# سەبارەت بە مەحکوومکردنی هێرشی مووشەکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر شاری هەولێر

کاتژمێر ١١ و ٣٠ دەقیقەی شەوی دووشەممە لەسەر سێشەممە بەرابەر لەگەڵ ١٥ی ژانویە، سپای پاسدارانی ڕژیمی ئیسلامی چەند شوێنی لە شاری هەولێر لەوانە فڕۆکەخانەی هەولێر، چەند ماڵ و بینای دەوروبەری کۆنسوولخانەی ئەمریکا لەوشارەی بە ١٠ مووشەکی بالستیک و ژمارەیەکی زۆر درۆن کردە ئامانج. ئەم مووشەکانە لە قەرارگای سپای پاسداران لە کرماشانەوە هاویشترابوون.

سپای پاسداران بەرپرسایەتی ئەنجامدانی ئەم هێرشانەی گرتە ئەستۆ و لە سێ ڕاگەیاندنی کورت و ناتەبادا ڕایگەیاند کە ئامانجی ئەم هێرشانە تۆڵەسەندنەوە لە جەنایەتی تەقینەوەکەی



کرمان بووە. لە ڕاگەیاندنێکی دیکەدا ئیدعا دەکات کە ناوەندە سیخوڕییەکانی ئیسرائیل و کۆبوونەوەی تیرۆریستەکانی لە هەولێر کردووەتە ئامانج. هەروەها لە ڕاگەیاندنێکی دیکەدا باسی لەوە کرد کە ناوەندەکانی چالاکی ڕژیمی سەهیۆنیستی لە ناوچەکە و مەقەڕاتی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنە کوردە ئێرانییەکانی لە هەولێر کردووەتە ئامانج.

بەهۆی ئەم هێرشانەوە چوار کەس گیانیان لەدەستدا کە یەکیان منداڵێکی ساوای شیرخۆر بووە و شەش کەسی دیکەش بریندابوون. هەروەها زەرەر و زیانێکی زۆریش بەر ماڵ و بیناکانی دەوروبەر کەوتووە و خەڵکی هەولێر و شارەکانی دەوروبەری تووشی شۆک و نیگەرانی کردووە.

بێگومان ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ قەیرانی چارەهەڵنەگری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و لەگەڵ شەپۆلی ناڕەزایەتیی کرێکاری و جەماوەری لە ئێران بەرەوڕووە و شکستێکی سەرشۆڕانە لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو چاوەڕوانی دەکات، دەیهەوێ بە توندکردنەوەی کەشوهەوای ئەمنیەتی لە ناوەوە و بە پێکێهنانی دۆخی جەنگی و ماجەراجویی نیزامی لە دەرەوەی سنوورەکان بیروڕای گشتی خەڵکی ئێران بەلاڕێدا بەرێت. ئەم دەخاڵەتگەری و ماجەراجوییە نیزامییانە لە ئیدامەی قەیرانی هەستەییدا بەشێک لە نزاع و کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکایە کە لە ناوەوەی ئێراندا ئاکامێکی بێجگەلە پەرەسەندنی هەژاری و نەهامەتی ئابووریی نەبووە. لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش بێجگەلە پێکهێنانی نائەمنی و کوشتار و وێرانی دواهات و دەرئەنجامێکی دیکەی بۆ خەڵکی ناوچەکە نەبووە. بێگومان دووکەڵی ئەم شەڕانەوە و کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیە دەچێتە ناو چاوی خەڵکی ستەملێکراوی ئێران و ناوچەکەوە.

کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هێرشی مووشەکی و درۆنی ڕژیمی ئیسلامی بۆسەر کوردستانی عێراق بە هەوڵێکی شەڕخوازانە لەلایەن کۆماری ئیسلامی لەپێناو پەرەپێدانی شەڕی کۆنەپەرستانە و ناسەقامگیریی ناوچەکە دەزانێت و بەتوندی مەحکوومی دەکات. خەڵکی کوردستانی عێراق تەنها بە بەشدارییان لە گۆڕەپانی سیاسی و بە ناڕەزایەتی جەماوەری لەدژی ئەم هێرش و دەستدرێژییە ئاشکرایە دەتوانن کۆماری ئیسلامی لە درێژەدانی ئەم سیاسەتە پاشگەز بکەن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٦ی بەفرانباری ١٤٠٢ی هەتاوی

١٦ی ژانویەی ٢٠٢٤ی زانیینی

❊❊❊

## بەیاننامەی هاوبەشی خوێندکارانی سەرانسەری ئێران:

# ئێمە ئێعدام تەحەمول ناکەین و حکوومەتی ئێعدام لەناو دەبەین!

ئێمەی تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانی "ژن، ژیان، ئازادی" بەتوندی دژی سزای ئێعدامین و ڕایدەگەیەنین کە لە هیچ بارودۆخێکدا، لە بەرابەر ئێعدام، ئەم "قەتڵە بەئەنقەستە حکوومەتییە" بێدەنگ نابین.

بەلەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی شەپۆلی ئێعدامەکان لە ڕۆژان و هەفتەکانی ڕابردوو لەچوار گۆشەی ئێران و تەئیدی حوکمی ئێعدامی ڕەزا ڕەسایی، موجاهد کوکور، مەنسوور دهمردە، فەرشید حسێن زهی، وەفا ئازەربار، محەممەد فەرامەرزی، پژمان فاتحی و موحسین مەزلووم، پێویستە ناڕەزایەتی سەرانسەری لەدژی ئەم شەپۆلەی تەوەحوش و ئینسانکوژی، بە هەڵمەت و هەوڵی مەیدانی پەرەپێبدەین.

بنەماڵەی مەحکوومکراوان و قوربانییانی حوکمی دژەئینسانی ئێعدام لەماوەی ڕابردوودا، گەلێک جار ڕایانگەیاند کە ئازیزانیان، لەژێر ئەشکەنجە و وەحشیگەری جەلادانی حکوومەتیدا ناچار بە دانپێدانان بەدژی خۆیان بوون و پەروەندەکانیان یەکسەر دروستکراو، ناتەبا و بێبنەمایە. بەڵام حکوومەت بە پێکهێنانی فەزای ترس و تۆقاندن لەڕێگەی جێبەجێکردنی ئەحکامی ئێعدام، دەیهەوێ خۆی لەو قەیرانانە دەرباز بکات کە لە بواری سیاسی، کلتووری، ئابووری و نێونەتەوەییەوە تێیانکەوتووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندتر دەبنەوە. کۆماری ئیسلامی لای وایە کە بە ئێعدامی ناڕازییان و نەیارانی دەتوانێ کۆمەڵگا چاوترسێن بکات و شۆڕش و ئیعتڕازمان کۆنتڕۆڵ بکات و ڕایبگرێت. بەڵام ئەمە تەوەهومە و هیچی تر. ئێمە کۆماری ئیسلامی لەناو دەبەین.

لەئێستادا پێویستە یەکگرتوو و سەراسەری هاوشانی بنەماڵەی مەحکوومکراوان بە ئێعدام، لەدژی ئەم ئێعدامانە بوەستین. دەبێ بە ئێعتڕاز کردن ودەربڕینی نارزایەتی، بەربە بەرێوەچوونی ئەو ئێعدامانە بگرین. ئێمە خوێندکاران و ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بۆ جارێکی تر وەک هەمیشە ڕایدەگەیەنین کە لەم نەبەردەدا، لە بەرەی ئەو بنەماڵانەداین کە بۆ ئازیزانیان حوکمی ئێعدام دەرکراوە و یان مەترسی ئێعدامیان لەسەرە.

ئێمە، هەروەک لە دروشمی شۆڕشەکەمان، "ژن، ژیان، ئازادی"ییەوە دیارە، "ژیان، لەم دروشمە مێژووییەدا بەواتای "مافی حەیات"، بەواتای مافی بەهرەمەندبوون لە ئەمنیەت و ئاسایش و بەختەوەری تاک بە تاکی ئینسانەکان دەزانین و لەم پێناوەدا تێدەکۆشین.

ئامانجی ئێمە سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان، ڕووخاندنی ڕژیمی جەلاد و قاتڵ و سرینەوەی یاسای کۆنەپەرستانە و یاسای سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامییە و لەو ڕێگەدا هەتا گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئینسانی، ئازاد، بەرابەر، مۆدێرن و خۆشبژیو، کۆمەڵگایەکی بێ ئێعدام، سێکۆلار و ئەمن بۆ هەموو ئینسانەکان، دەست لە خەبات هەڵناگرین.

واژۆکان:

- ڕێکخراوی خوێندکارانی پێشڕەو
- ناوەندی ئازادیخوازانی زانکۆی تاران شوماڵ
- کۆمیتەی سەرانسەری خوێندکارانی کوردستان
- ناوەندی سەربەخۆی خوێندکارانی زانکۆی ئازادی ئیسفەهان
- ناوەندی ئازادئەندیشانی جۆندی شاپوور
- خوێندکارانی سەربەخۆی زانکۆی خواجە نەسیر
- جەمعیەتی دەنگی ئازادی زانکۆ(هونەری ئیسفەهان)
- یەکیەتیی زانکۆی سەنعەتی ئیسفەهان
- یەکیەتیی خوێندکارانی زانکۆی ئەلزەهرا

کۆمەڵێک لە خوێندکاران و چالاکانی:

- زانکۆی ئیسفەهان
- زانکۆی علوومی پزیشکی ئیسفەهان

- زانکۆی کوردستان
- زانکۆی فەنی حرفەیی کچانەی سنە
- زانکۆی فەنی یەزدان پەنای کوردستان
- زانکۆی فەنی موهاجری ئیسفەهان
- زانکۆی علوومی پزیشکی ورمێ
- زانکۆی شیراز

حکوومەتی ئێعدام دەبێ لاناو بچێت
سەرکەوێ شۆڕشی ژن ژیان ئازادی

بەفرانباری ۱۴۰۲ی هەتاوی

***

## شـێعر

غەززەی بۆمبا
غەززەی عابا
بۆمباباران
لە ئاسمانی سەرمایەوە
عابای پشوو-بڕی ئایین،
عەرزی کێڵراو
بە زنجیری بێ-بەزەیی
دەبابەکان...
کام وشە؟!
کام ڕست؟
کام مانا؟
بۆمباباران
لە ئاسمانی سەرمایەوە
ئاگر ئەبارێ و
سەر عەرزیش،
عابای پشووبڕی ئایین،
شەوەی شوومن
شەوەی شوومن لەسەر ئەرزی
بە زنجیری بێ-بەزەیی دەبابەکان
خاپوور کراو....
.....
کام وشە؟! کام ڕست؟ کام مانا؟
وشەکانیش پرووزاون
لەم ئاگرا، وشەکانیش پرووزاون
چ جای پەڕ و باڵی مناڵ؛
ساوای مەعسووم!
پەڕ و باڵیان پرووزاون
ناتوانن باڵ بوەشێنن
ساوای مەعسووم،
لە باڵەتەپێش بێ بەرین؛
چ جای باڵگرتنەوە و فرین
بەرەو ئاسمان،
بۆ بەهەشتی
ئایینی هۆشبەری گەلان!

***

لە ئاسمانی سەرمایەوە،
ئاگر؛ ئاگر ...
ئەرزی سەرمایەش پشو-وبڕ
بە عابای هۆشبەری ئایین!
ئاسمان دوور و زەوی سەخت؛
ساوای پەڕ و باڵ پرووزاو
لەگەڵ دایک و باوکی ماندوو
چارەنووسیان
لە ئاسمان بێ یان لەسە عەرز
جەهەننەمی سەرمایە و بەس!
جەهەننەمی دێوی دزێوی سەرمایە
بەتەمایە
بازاڕی چەک-فرۆشتنی
گەرم و گڕاوی بێ و
بازاڕ
گیرفانی بێ-بنی پڕ کا!
بەتەمایە
خوێنی هەڵقرچاوی ساوا
بکاتە زێڕ و سەروەت و
لەم ئاگرە،
سامانی ملیار-ملیاردی
کۆوەبکا!
بەڵام، هەی هاوار و هەی داد؛
گیرفانی بێ-بن چۆن پڕ بێ؟!
کە بێ-بنە، چلۆن پڕ بێ؟

***

غەززەی غەمبار
غەززەی کێڵراو بە ئێرەقی
دەبابەکانی سەرمایە،
کەی دەنیشێتە بەرهەمی
وشیاربوونەوە و ڕاپەڕین؟!
کەی ئەدا بەژێر سەرتاپای
سەرمایەی ماڵ-وێرانکەرداو
ئایینی هۆشبەری گەلان!؟
کەی بێ یەکجاری ڕزگار بێ
لە کەتنی ماڵ-وێرانی و خوێن؟؟
لە کەتنی ڕێگا-ون-کەری
دێوی دزێوی سەرمایە؟!
ئەمجار ساوا و دایک و باوک
لە ئامێزی ئەوین بگرین
بەهەشتی بژوێنی خۆمان
لەسەر ئەم ئەرزە
پێک بێنین ...

" ڕێبوار"

**پێشـــــرەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

tashkh@cpiran.org

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**

international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧